# ڕەنگدانەوەی نووسینە ڕۆژهەڵاتناسییەکان لە نووسینە مێژووییەکانی محەمەد ئەمین زەکی بەگدا

**د. بهمن صاڵح محمد**
**کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت**
**زانکۆی سلێمانی**

**پ.ی. د. سامان حسێن أحمد**
**کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت**
**زانکۆی سلێمانی**

## کورتە

سەرەڕای ئەو ڕەخنە و تێبینیانەی کە لەسەر بزاوتی ڕۆژهەڵاتناسی هەن ، بەڵام ناتوانرێت ڕۆڵی گەورە و گرنگیان لە بواری خزمەتکردن بە نووسینەوەی مێژووی ڕۆژهەڵات نادیدە بگیرێت، کە کاریگەری زۆریان لە دەرکەوتنی شێوازی نوێ و زانستیانەیان لە لێکۆڵینەوە لە بارەی مێژووی ڕۆژهەڵاتەوە هەبووە . هاوکات کاریگەری زۆریشیان لەسەر خودی مێژوونوسەکانی ڕۆژهەڵاتیش هەبووە لە پرۆسەی نووسینەوەی مێژووی ناوچەکەیاندا ، کە لە میانەی گوزەرکردن بە نێو بەرهەمەکانی مێژوونوس ئەمین زەکی بەگدا ئەم کاریگەریە زۆر بە ڕوونی دەردەکەوێت.

لە سۆنگەی ئەو تێڕوانینەوە، ئەم توێژینەوەیە تایبەت کراوە ە بە لێکۆڵینەوە لە کاریگەری ڕۆژهەڵاتناسان و بەرهەمەکانیان وەك سەرچاوە و کەرەستەی مەعریفەی مێژوویی لە لای ئەمین زەکی بەگ لە لایەك و کاریگەریان لە سەر کارەکانی ئەو لەبارەی نووسینەوەی مێژووی کورددا لە لایەکی تر .

## الملخص

على الرغم من كل الملاحظات والانتقادات الموجهه تجاه الحركة الاستشراقية الا اننا لا يمكن ان نغفل عن دورهم البارز في كتابة تاريخ عالم الشرق، اذ أن لهم تاثير كبير في ظهور منهجية علمية جديدة في البحوث عن تاريخ الشرق. و كان لهم تاثير واضح على المؤرخين الشرقيين أيضا في كتابة تاريخ بلدانهم. و في قرائتنا لمؤلفات المؤرخ امين زكى بك نرى هذه التاثيرات بشكل أوضح.

وفي هذا الاطار جاء كتابتنا لهذا الموضوع الذي خصصناه لتاثير أعمال المستشرقين و نتاجهم العلمية على امين زكى بك من جانب ، و تاثيراتها على كتابته عن تاريخ الكورد من جانب اخر.

## Summary

Despite of the criticisms of orientalism and the attacks directed against it, one cannot deny its vital role in recording the history of the east and in developing a new academic method to approach oriental history. Additionally, oriental studies have had a great effect on the oriental historians themselves in terms of their style in documenting the history of the area. This effect can be clearly traced in the historical works of AmeenZeki Beg, a key Kurdish historian.

Stemming from this view, this study specifically attempts to shed light on the effect of the orientalists and their historical products and references on Zeki Beg and his approach in recording the history of the Kurds.

Moreover, this paper is composed of a number of sections. The first section presents a brief biography of Zeki Beg and his works. In the next section, the academic resources that played a role in recognizing Zeki Beg as a historian are covered. Section three places focus on the oriental studies' effect on academic life of Zeki Beg. The fourth section deals with the way orientalism shaped this scholar. And in section five, the researcher sketches out the effect of oriental studies on theZekiBeg's style in recording historical events. In the conclusion, a number of views are listed about such studies and how they referred to by Zeki Beg.


## پێشەکی :

پوختەیەك لە ژیانی ئەمین زەکی :

محمد ئەمین زەکی بەگ، کوڕی حاجی عبد الرحمانی کوڕی مەحمودی کوڕی سادق باپیرە،کەسەر بە بنەماڵەیەکی ناسراوی سەردەمی بابانیەکان بووە[(١)]، لە گەڕەکی گۆیژەی شاری سلێمانی، لە مانگی شوباتی ساڵی ١٨٨٠ لەدایك بووە[(٢)].

هەر لە منداڵییەوە، محەمەد ئەمین، بەهۆی زیرەکی و لێهاتوییەوە نازناوی زەکی لێنراوە[(٣)]. لە تەمەنی ٧ ساڵییەوە بۆ ماوەی ٥ ساڵ، لە حوجرەی مەلا عزیز خوێندویێتی ،دواتر چۆتە قوتابخانەی سەرەتایی فەرمی ، لەتەمەنی ١٢ ساڵیشدا، قوتابخانەی ڕوشدیەی عەسکەری لە سلێمانی خوێندوە و دوایی ئەوەش چۆتە قوتابخانەی روشدییەی عەسکەری لە بەغدا .لە ساڵی ١٨٩٩ شدا، چۆتە

(١)دارا جمال غفور ،محمد امين زكى و دوره السياسي والاداري في العراق ١٩٢٤ -١٩٤٨ ،ماجستير غير منشور ،معهد التاريخ العربي والتراث العلمى للدراسات العليا،بغداد ، ٢٠٠٤، ص٦ .

(٢)علادين سەجادی ،یادی کۆچی ئەمین زەکی ، چاپخانەی معارف ،١٩٤٨ ،ل٢، کەمال مەزهەر ئەحمەد، مێژوو .کورتە باسێکی زانستی مێژوو و کورد ومێژوو، چاپی دووەم ،هەولێر ،٢٠٠٧ ،ل١٢٨.

(٣) کەمال مەزهەر ، هەمان سەرچاوە ،ص٦.

ئەستەمبوڵی پایتەخت و لەسەر ئەرکی دەوڵەت دەستی بە خوێندنی سەربازی کردووە [1]، دوای ئەوەش، پەیوەندی بە کۆلێجی ئەرکانی جەنگی کردوە لە هەمان شار دا، دوای تەواو بوونی لە ساڵی ١٩٠٤ ەوە ، وەك ئەفسەر لە سوپای شەشی عوسمانیدا دەست بەکار بووە[2].

ئەو کار و فەرمانانەی کە لەو شوێنانە پێی سپێردرا بوون هەلی باشبوون، بۆ ئەوەی ئەمین زەکی بە ئەوروپییەکان ئاشنا بێت، جگە لەوەی، لەساڵی ١٩١٢ دا، گواسترایەوە بۆ بەرەکانی جەنگ لە جەنگی ناوچەکانی بەڵکان، لەدوای ئەوەش، لەچوارچێوەی نێردەیەکی تایبەتدا بۆ خوێندنی سەربازی نێردرایە فەرەنسا، کە بۆماوەی ساڵێك مایەوە و دواتر گەڕایەوە،لە ساڵی ١٩١٤دا جارێکی تر بوو بە ئەندامی دەستنیشانکردنی سنوری نێوان ڕوسیا و دەوڵەتی عوسمانی لە ناوچەی قەفقاس، کە لەم ماوەیەدا چەندین ناوچە و شاری ڕوسی گەڕاوە[3] ئەمانە ئەوەندەی تر کاریگەر بوون لەوەی بە کەلتور وسەرچاوە ئەوروپییەکان ئاشنا بێت.

لەدوای گەڕانەوەی بۆ بەغدا لە دوای جەنگي جیهاني یەکەم، قۆناغێکی نوێ لە ژیانی ئەمین زەکی دەست پێ دەکات ، هێندەی پێ نەچوو کرایە مامۆستای فێرگەی سەربازیی و دواتر لەبەر لێهاتوویی کرایە " آمر للمدرسة العسكرية الملكية" ، دواتر ماوەیەك نوێنەری لیوای سلێمانی بووە لە پەرلەمانی عێراق ، تا ساڵی ١٩٤١ لە چەند کابینەیەکی وەزارەتە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق پۆستی وەزارەتەکانی "ئاوەدانکردنەوە ، گەیاندن، معارف، بەرگری، ئابوری" ی وەرگرتووە[4].

جگە لە بواری سیاسی وئیداری هاوکات ئەمین زەکی لە بواری چالاکی ڕۆشنبیریدا بەشدار بووە لە یانەی پێشکەوتنی کوردان" نادی ارتقاء الكردي" کە لە ساڵی ١٩٣٠ دامەزرا. هەروەها لە کۆمەڵەی

(١)علادین سەجادی،سەرچاوەی پێشو،ل٣ ،رفیق حلمی،ئەمین زەکی بەگی عەسکەر ومۆریخ، ئامادەکردنی ڕەفیق ساڵح،چی لە بارەی محەمەد ئەمین زەکی بەگەوە نووسراوە، بنکەی ژین، سلێمانی ،٢٠١٠ ،ل٤٤.

(٢)جمال محمد، محەمەد ئەمین لە پیاوە ناودارەکانی کورد، چی لە بارەی..، ئا: ڕەفیق ساڵح، ل٢٩١-٢٩٢، دارا جمال غفور، المصدر السابق ،ص ٧ .

(٣)جمال محمد ،سەرچاوەی پێشوو، ٢٩٩-٣٠١؛دارا جمال غفور ،المصدر السابق ،ص٨-٩.

(٤)دارا جمال غفور ،المصدر السابق،١٥؛کەمال مەزهەر ئەحمەد ،سەرچاوەی پێشو،١٢٩-١٣٠؛جمال محمد ،سەرچاوەی پێشو،٢٩١-٢٩٢.

لاوان كە لە ساڵی ١٩٣٣ دامەزرا سەرۆكی یانەكە بوو. هاوكات ڕۆڵی زۆری هەبووە لە كرانەوەی بەشی كوردی ئیزگەی بەغدا كە لەساڵی ١٩٣٩دا[١].

هەر لەسەرەتای ساڵی ١٩٤٠ ەوە دۆخی تەندروستی تێكچوو و بەهۆی نەخۆشی ڕۆماتیزمەوە تادەهات دۆخی خراپتر بوو، تا لە ١٠/تموزی/ ١٩٤٨ و لەتەمەنی ٦٨ ساڵیدا ماڵئاوایی لە ژیان كرد[٢].

یەكەم: سەرچاوەكانی زانیاری مێژوویی لای محەمەد ئەمین زەكی بەگ و ڕۆڵیان لە دەركەوتنی وەك مێژوونووس :

یەكێك لەو لایەنانەی لە بواری دەوڵەمەندبوونی مەعریفەی مێژوویی ئەمین زەكی و دەركەوتنی وەك مێژوونووس كاریگەر بووە خوێندەواری ئەو بووە . وەك پێشتر ئاماژەی پێدرا ئەمین زەكی بەگ قۆناغەكانی خوێندنی لە حوجرەوە دەست پێكردووە و دواتر چۆتە قوتابخانەی فەرمی ، پێ بە پێ، تا گەیشتۆتە پلەی ئەفسەری لە سوپای عوسمانیدا واتا یەكێك بووە لەو خوێندەوارانەی كە جگە لە حوجرە لە خوێندنگە فەرمییەكانیش خوێندویەتی ، ئەم خوێندەواریەش بێگومان كاریگەر بووە لەوەی كە گرنگی بە خوێندنەوە بدات، لە ئەستەمبولیش بە پێی قسەی خۆی بەردەوام لە كتێبخانەكان بووە وبە سەدان سەرچاوەی گرنگی خوێندووەتەوە ، كە لەدوای ١٩١٠ەوە ڕووی كردۆتە كتێبخانە گەورەكانی ئەستەمبوڵ و بەسەدان كتێبی خوێندۆتەوە و تێبینیەكانی خۆی تۆمار كردوە[٣]، ئەمەش پاڵنەرێكی باشی ئەو بووە بۆ گەڕان بەنێو سەرچاوە هاوچەرخە مێژووییەكاندا . هەروەها لە پێش جەنگی جیهانی یەكەمیش ،كە بۆ كاری میری ڕێی دەكەوێتە ئەوروپا و لە كتێبخانەكانی ئەڵمانیا و فەرەنسە كەوتە پشكنین و گەلێك زانیاری بەكەڵكی كۆكردەوە و ژمارەیەكی باشیش لە بەرهەمی ڕۆژهەڵاتناسیەكان لەگەڵ خۆی دهێنێتەوە[٤]،لە لایەكی ترەوە دوای دەرچوونی لە مەدرەسەی ئەركان و بوونی بە فەرمانبەر لە سوپادا، ئەو پلە وپۆست وئەركانەی كە پێی سپێردراون لە بەشی ئەندازەیی ونەخشەكێشان و لیژنەكانی دیاریكردنی سنوور وبەشداریكردن لە

---

(١)دارا جمال غفور ، المصدر السابق ،١٦-٢٥ .

(٢)مەلا طاهیر عبد الله بەحركەیی،مێژووی زانایانی كورد، چ: ٢، بەرگ:٣، نوسینگەی تەفسیر، هەولێر،٢٠١٦،ل٧٣

(٣)،محەمەد ئەمین زەكی بەگ ،خولاصەیەكی تاریخی كورد وكوردستان لە زۆر قەدیمەوە تا ئیمڕۆ ، سەرجەمی بەرهەمی ، بەرگی چوار ، جلدی یەك ، جلدی دوو، ئامادەكردنی ڕەفیق ساڵح ، بنكەی ژین ، سلێمانی ، ٢٠٠٦،١-٢.

(٤) ئەحمەد ،سەرچاوەی پێشو،١٦٠.

شەڕەکان ودواتریش دانانی لە بەشی مێژووی سەربازی لە دوای جەنگ، ئەوەندەی تر ڕۆڵیان بووە لە پەرە پێدانی ئەو حەزە لای ئەم کەسایەتیە و ڕێخۆشکەر بوون بۆ ئەوەی ئاسانتر دەستی بە کەرەستە وسەرچاوەکانی نووسینەوەی مێژوویی رابگات وەکو نەخشە و تۆمارە سەربازییەکانییەکان و سەرچاوە مێژوییەکانی ئەو قۆناغە ، هەربۆیە سەرەتای نووسینەوەی مێژووی لای ئەمین زەکی ،بە بابەتی مێژووی جەنگ و سەربازی دەستی پێکردووە، ئیدی لێرەشەوە سەرەتای حەزی ئەو بۆ نووسینەوەی مێژوویی بە پێی ئەو سەرچاوانەی کە کاریگەریان هەبووە لە سەر مەعریفەی مێژوویی بەتایبەتی مێژووی سەربازیی ، یەکەم ئەزموونی ئەو لە مێژوونووسیندا بە نووسینەوەی مێژووی سەربازی دەستی پێکردوە ، ئەمەش وا دەکات کە لە ١٩٠٦ دا بە نوسینی کتێبی " لەشکری عوسمانی" کە بەزمانی تورکی نوسیویێتی هەر لەم بوارەوە بەتەواوی بچێتە ناو کایەی مێژوونووسییەوە [1]، دواتریش ڕۆژ دوای ڕۆژ زیاتر پەرەی پێبدات بەو رادەیەی تا گەڕانەوەی بۆ عێراق هەشت بەرهەمی تری لەبارەی مێژووی سەربازیەوە نووسیوە ، کە زۆربەیان دەربارەی ڕووداوەکانی جەنگی جیهانی یەکەم بوون بە تایبەت لە ناوچەکانی عێراق ،[2].

دوای گەڕانەوەی بۆ بەغداد، قۆناغێکی نوێ لە ژیانی ئەمین زەکی بەگ دەستی پیکرد لە هەمو ڕووەکانەوە بە بواری مێژوونووسیشەوە ، هەروەها بواری زیاتریشی بۆ رەخسا ئیدی وەك سەرچاوەکان دەڵێن لەکاتی گەڕانەوەی بۆ بەغدا " کتێبخانەی العصرية" کە یەکێك بووە لە گرنگترین و دەوڵەمەندترین کتێبخانەکانی ئەو سەردەمە بوو بەو شوێنەی کە زۆرترین کاتەکانی تیادا بەسەر دەبرد[3]، ئەمە جگە لەوەی ئەو ئەرك وپلە وپایە سیاسی و ئیداری ورۆشنبیری و ڕۆژنامەوانییەی کە لە دوای هاتنەوەی بۆ بەغدا گرتنییە ئەستۆ ئەوەندەی تر کاریگەر بوون لە زیاتر تێکەڵا بوونی ئەو بە ڕووداوە مێژووییەکان وهەستکردن بە بایەخی مێژوو و رەخساندنی بواری زیاتر بۆ نزیك بوونەوە لە کەسایەتییە سیاسی ورۆشنبیرییەکان وهاوکات ئاسانتر گەیشتن بەسەرچاوە و تۆمار و بەڵگەنامە مێژوییەکان کە هەموو ئەمانە ئەوەندەی تر بواری مێژوونووسی بۆ ئەمین زەکی بەگ رەخساند .

---

(١)کمال مەزهەر ئەحمەد،سەرچاوەی پێشو،ل١٣٣.

(٢) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: علادین سەجادی ،سەرچاوەی پێشو،ل٦٢؛ مستەفا نەریمان ، محەمەد ئەمین زەکی بەگ لە کتێبی بغداد وصوك حادثه ضياعي ، چی لە بارەی ... ، ئا: رەفیق ساڵح،ل١٥٥-١٦٥ ،دارا جمال غفور ، المصدر السابق ،١٧

(٣)هەمان سەرچاوە ،١٣٢.

راستییەکەی جگە لە حەزەکەی وئەو هۆکارانەی باسکران هاوکات چەند لایەنێکی تریش کاریگەر بـوون لە دەوڵەمەنـدکردنی مەعـریفەی مێژوویـی لای ئەمـین زەکـی و زیـاتر پەرەدانـی بەو حەزەی ودەرکەوتنی وەك مێژوونووسێکی گەورە ، لەوانەش زمانزانی چونکە ئەو زمانەکانی : کوردی، تورکی، فارسی و فەرەنسیی دەزانی و لە ئینگلیزیی و ڕوسی و ئەڵمانیش بە باشـی تێدەگەیشـت[1]، ئەوەبـوو دوای گەڕانەوەی بۆ بەغدا مامۆستای تایبەتی بۆ فێربوونی زمانی ئینگلیـزی و عەرەبـی گرتبـوو[2]، کە ئەمە وای کردبـــوو ئەمـــین زەکـــی لە پیـــادەکرنی ئەو حەزە و بە دەســـتهینانی ســـەرچاوەکانی دەوڵمەنترکردنی مەعریفەی مێژووییدا کەمترین کێشەی هەبێت وزۆر بە ئاسـانی بتوانێـت زانیـارییە مێژووییەکان بخوێنێتەوە وبتوانێت سود لە وردەکارییە مێژووییەکانی و میتـۆدی کارکردنیـان وئەو سەرچاوانەی بە کاریـان هێنـاوە ببینێـت ، هەر ئەمەش وای کـردووە کە کاتێـك لە بەرهەمەکـانی ورد دەبیتەوە و تەماشـای لیسـتی سـەرچاوەکانی دەکەیـت دەبینیـت بەدەیـان سـەرچاوەی بە زمانەکـانی عەرەبی و فارسی و تورکی و زمانە بیانییەکـالن بەکـار هێنـاوەکە خـۆی دەڵێـت" کتێبـی خولاصـە" لە ئەنجامی گەڕانە بە نێو دووسەد و پەنجا بەرهەمی ئینگلیـزی، ئەڵمـانی، فەرەنسـی، عەرەبـی، تـورکی، فارسی، ئەمەش وادەکات هەنـدێك لە ئەکادیمییەکـانی ئێسـتا ئامـاژە بەوە بـکەن لە بەر ئەوە ئەمـین زەکـی بەگ توانیـویەتی دەگمەنتـرین زانیارییەکـان بەدەسـت بهێنێـت چـونکە گرنگتـرین کتێـب وسەرچاوە کانی بە زمانە بیانییەکان بینیوە کە هەندێکیان تا ئیستاش لە نێو ئێمەدا نەبینراون [3].

لە پاڵ هەمو ئەوانەدا کەباسکران سەرچاوەیەکی هەرەگرنگی مەعـریفەی مێژوویـی لای ئەمـین زەکی بەگ سەرچاوە ڕۆژهەڵاتناسیەکان بووە، کە زۆر بەروونـی ڕۆڵیـان دیـارە لە دەرکەوتنـی ئەمـین زەکی وەك مێژوونووسێکی گەورە وجیاواز لە مێژوونووسانی پێش خۆی. ئەمـین زەکـی، بەو پێـیەی وەك پێشـتر باسـکرا بەهـۆی کـارەکەیەوە چەنـد جارێـك وەك ئەرکـی سـەربازی " چـۆتە ناوچەکـانی ڕۆژهەڵاتـی ئەوروپـا، ئەمە جـگە لەوەی کە بەر لە جەنگـی جیهـانی یەکەم بەکـارێکی فەرمـی چـۆتە

(١)مەحمود زێوەر ، لە گەڵ ناودارانا .ئەمین زەکی بەگ، چی لە بارەی .. ، ئا: ڕەفیق ساڵح ،ل٧٧ ؛ ڕەفیق حلمی ،سەرچاوەی پێشو،٤٤؛

(٢)کمال مەزهەر ئەحمەد ، سەرچاوەی پێشو، ل١٣٢.

(٣)ا.د.عبدالفتاح علي بوتاني ، محمد امين زكى خلال كتاب خلاصه تاريخ كور وكرستان من اقدم العصور التاريخية حتى الان ، چی لە بارەی ...، ئا:ڕەفیق ساڵح ، سلێمانی ،٢٠١٠ ،ل٣٥٩ ؛ شاكر على التكريتى ، نصف ساعه مع معالى الاستاذمحمد امين زكي ، چی لە بارەی .،، ئا: ڕەفیق ساڵح،سلێمانی،ل٢٩٠ .

ئەوروپا و لە کتێبخانەکانی ئەڵمانیا و فەرەنسا زانیاری ورد و زۆر بەسودی کۆکردۆتەوە و ژمارەیەکی باشیش کتێب و سەرچاوەی ڕۆژهەڵاتناسی لەگەڵ خۆیدا هێناوەتەوە وەك پێشتر ئاماژەمان پێ کرد"،هەر زوو ئاشنایەتی لە گەڵ ڕۆژئاواییەکان و میتۆدی کارکردنیان لە سەر مێژوو پەیداکردووە وهێدی هێدی کەوتۆتە ژێر باری ئەو نووسینانە وە ، ئەمە جگە لەوەی لە دوای گەڕانەوەی بۆ بەغداد وگەڕان بە نێو کتێبخانەکانی ئەوێدا زیاتر ئەم لایەن بەسەریدا زاڵ بووە ، ئەو بۆخۆی دەڵێت کە لەدوای سوتانی ماڵەکەیان و نەمانی سەرچاوەکانی لە ١٩١٩ بە دەساڵ چۆتە کتێبخانەی مەجلیسی نەواب و لەوێ "ئەنسکلۆپیدیای ئیسلام" ی بەرچاو کەوتووە و بۆ خوێندنەوە وەری گرتووە، دوای خوێندنەوەی چەند بابەتێکی کە دەربارەی کورد بوون بەتایبەت بابەتەکەی " فۆن مینورسکی"، ئیدی جارێکی تر بڕیاری داوە لەسەر ئەو بنەمایە "خولاصەیەکی تاریخی کورد و کوردستان" بنوسێت، هاوکات باسی ئەوە دەکات کە دوای وەرگێڕانی ئەو بابەتانەی ئینسکلۆپیدیا بەگوێرەی بیلۆگرافیاکەی و ئەو سەرچاوانەی ئیشارەتیان پێکرابوو هەوڵی پەیداکردنی ئەو سەرچاوانەی داوە کە دەڵێت لەپاڵ دەستکەوتنی ئەوانەدا هەندێکی نوێشی دەستکەوتووە.

محمد ئەمین زەکی بەگ باس لەوەش دەکات کە سوودی زۆریی لە "سێر سیدنی سمیس" بینیوە کە لەو کاتەدا بەڕێوەبەری شوێنەوارناسی عێراق بووە، جگە لەوەی کتێبەکەی خۆی پێداوە بە چەند سەرچاوەیەکیش هاوکاری کردوە و لەگەڵ ئەوەشدا چەندین سەرنج و تێبینی و زانیاری لەمەڕ کوردستانەوە بۆ نووسیوە " [١].

دوای ئاشنایەتی محمد ئەمین زەکی بەگ بە سەرچاوە ڕۆژهەڵاتناسیەکان گۆڕانێکی گەورە بەسەر شێوازی نووسینەوەی مێژوویی ئەودا هات ،کە دەکرێت بە وەرچەرخان بەسەر میتۆدی مێژوونووسی ئەمین زەکی ئەژمار بکرێت. لێرەوە ئیدی تەنها لە بواری مێژوونووسی سەربازیدا کارناکات و تەنها گێڕانەوە لە مێژوودا نەکات وگرنگی بە بابەتی کورت وکەم مەودا نادات ، بەڵکو لێرەوە دەست بۆ نووسینەوەی مێژووی گشتگیر و وناونیشانی فراوان و میتۆدەکانی بەراوردکاری ورەخنەیی وشیکاری دەبات و دەست دەکات بە کارکردن لەسەر نووسینی مێژووی کورد ، هەرچەندە وەك خۆی دەڵێت پێشتریش هەوڵی نووسینی مێژووی کوردی داوە بەڵام بە هۆی سوتانی ماڵەکەی

(١)ئەمین زەکی، خولاسەیەکی ... ،ل٣.

سەری نەگرتووە ، لەدوای دەرکەوتنی دەستەواژەکانی تورکی و تۆرانی ئەویش وەکو ئەندامانی گەلانی ناتورکی چوارچێوەی دەوڵەتی عوسمانی ویستی نووسینەوەی مێژووی کوردی لادروست بووە و لەم پێناوەشدا هەوڵی زۆری داوە و کاری زۆری کردوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پرۆسەی نووسینەوەی مێژووی کورد و بەزمانی کوردی و گەڕان بەدوای ڕەگ و ڕیشەی کورد لەدوای ١٩٢٩ و ئاشنابوونی بەو سەرچاوە ڕۆژهەڵاتناسیانە بە تایبەت خوێندنەوەی ئینسکلۆپیدیای ئیسلامی دەست پێ دەکات لە دوای ئەمەشەوە ئیدی بەرهەم و شاکارە بەناوبانگەکانی لەبارەی مێژووی کوردەوە دەست پێ دەکات، شاکارەکانی وەك" خولاصەیەکی تاریخی کورد و کوردستان لەزۆر قەدیمەوە تا ئیمڕۆ" کە لە ١٩٣١دا بەرگی یەکەم ولە ١٩٣٧ یشدا بەرگی دووەمی نووسیوە و تاریخی وڵاتی سلێمانی، کە لە ١٩٣٩دا نووسیویەتی و مشاهیری کورد و کوردستان ، کە بەرگی یەکەمی لە ١٩٤٥ و بەرگی دووەمی لە ١٩٤٧ نووسیوە و چەند بەرهەمێکی تری مێژوییشی لە گۆڤار ورۆژنامەکاندا نووسیوە .

راستییەکەی لە دوای ئاشنا بوونی ئەمین زەکی بەگ بە کاری رۆژهەڵاتناسان وڕۆچوون تیایاندا کاریگەری ئەوان بەڕوونی بە کارەکانییەوە دیارە ،کە لەدوای ئەم کاریگەریەوە هەوڵی دا لە ڕوویی هەڵبژاردنی بابەتەوە و لە بارەی کۆکردنەوەی بەڵگەنامە و سەرچاوەشەوە نەکەوێتە ژێر باری هەست وسۆز و خەیاڵەوە و راڤە ولێکدانەوەی زانستی بۆ سەرچاوەکان بکات و بە دیدێکی رەخنەییەوە بڕوانێتە دەقە مێژوویەکان ونەکەوێتە ژێر باری سەرچاوەوە ،چونکە پێی وایە هەندێ جار هۆکاری سیاسی ئەگەری دەستکاری کردنی دەقەکان دروست دەکات ،کە ئەمانە لە درێژەی باسەکەماندا روون دەبنەوە، ئەمە جگە لەوەی کە کاریگەری ئەو سەرچاوانە وادەکات ئەمین زەکی دیدێکی جیاوازیشی بۆ مێژوو ببێت ، بۆیە ئەو لەبارەی مێژووەوە دەڵێت: هێندی باسی پێشینان هەیە کە بۆ نەتەوە و قەومیان میراتێکی نەمر و فەخرە و قەت لەبیر ناچێتەوە و پێی وایە مێژوو بە شێوەیەکی دروست و راست وزانستی کایەیەکی گرنگە ، لێرەشەوە لاوان هان دەدات و تکایان لێدەکات کە وەکو نووسەرەکانی دوێنی وئەمڕۆی کورد لە ژێر باری هەست وخەیاڵدا نەبن و لە خۆیانەوە هیچ هەڵنەبەستن چونکە ئەگەر وانەکەن رەنجیان بە فیڕۆ دەڕوات و نووسینەکانیان بە های زانستی

نابێت[1]، كە لێرەشدا بە رونی كاریگەری رۆژئاواییەكان دیارە چونكە ئەم بابەتانەی ئەمین زەكی جەختیان لە سەر دەكاتەوە ، بابەتی ئەو كاتی رۆژئاواییەكان بوو لە سەر میتۆدی نووسینەوە وكاركردن لە سەر مێژوو ،كە زۆر روونە یەكێك لە كاری رۆژهەڵاتناسان لەو ماوەیەدا جێبەجێكرنی میتۆدە نوێیەكانی رۆژئاوا بووە بەسەر كایە جیاجیاكانی رۆژهەڵات بە مێژووشەوە، كە لەم بوارەدا ئەو كاریگەریە ڕۆژهەڵاتناسیە وای كرد كە محمد ئەمین زەكی بەشێوەیەكی جیاواز لەوانی پێش خۆی دەربكەوێت .

دووەم : كاریگەری بەرهەمە رۆژهەڵا تناسییەكان لە ئاراستكردنی ئەمین زەكی لە نووسینەوەی مێژوودا.

ئەگەرچی پێشتر سەرچاوە عەرەبی وفارسییەكان وەك" ابن كثیر" و"مسعودی" و"ابن حوقل" و"شانامەی فیردەوسی" و "شەرەفنامە" و "ئەولیای چەلەبی" و "حاجی خەلیفە"، ودەیانی تر زانیاری زۆریان لە بارەی مێژووی ناوچەكەوە لە خۆگرتووە، بەڵام حاشا هەڵنەگرە كە لێكۆڵەرە روسییەكانی وەك "مینۆرسكی" و "نیكیتین" و"ڤلجیفسكی" و ئەڵمانەكانی وەك: "نۆلدكە" و "وایسباك" و "كارل هدنك" و ئینگلیزییەكانی وەك: "ریچ" و"بیشۆب" و"سیر سیدنی سمیس" و "ئەدمۆنس" زانیاریی دەوڵەمەندیان لە بارەی گەلانی ناوچەكەوە پێداوین ، ئەمە سەرەڕای ئەو شیكاریانەی لە بارەی زمانەوانی وئەدەبی وئاینی وبونیادی ئابوری وكۆمەڵایەتی كردوویانە هەر لە سەردەمی بەردینەوە تا هاوچەرخ [2] ، كە دواجار ئەم كارانە وشێوازی كاركردنیان وئەو میتۆدانی پیادەیان كردوون بە رادەیەكی زۆر كاریگەر بوون لە شێوازی نووسینەوەی مێژوو لە ناوچەكە بە گشتی و لە لای كورد بە تایبەتی ، كە ئەمین زەكی بەگ بەو سەرەتا كەسانە ئەژماربكرێت كە لە ژێر كاریگەری ئەو سەرچاوانەدا بووبێت وئەو بەرهامانە رۆڵی دیاریان لە ئاراستەكرنی ئەودا بینیبێت لە نووسینەوەی مێژووییدا .

---

(1)خالد تەوەكولی ، مۆدێلی ناسیۆنالیزمی محەمەد ئەمین زەكی بەگ و پرۆژەی كۆمەڵایەتی لە كوردستان،چی لە بارەی...، ئا: رەفیق سالَح،سلێمانی ،ل ٢٧٠.

(2)د.جمال رشید احمد، ظهور الكورد في التاريخ دراسة شاملة عن خلفية الامة الكوردية ومهدها ،ج١ وج٢ ،اربيل ،٢٠٠٣،ص٥٣.

بەخوێندنەوەی هەرسێ کتێبی خولاصەیەکی تاریخی کورد و کوردستان ... و مێژووی وڵاتی سلێمانی و مشاهیری کورد هەر لە ناونیشانەوە کاریگەری ڕۆژهەڵاتناسان دەردەکەوێت، کە ناونیشانی گشتگیر و روون و شیاو و بابەتیانە و دور لە زاڵبوونی هەست وسۆز وخەیاڵن ، هاوکات لە پلانی کار و ریزبەندی بابەتەکانەوە ئەو کاریگەرییە دیارە و سەرەتای کارەکانن کە لە مێژووی مێژوونووسی کورددا لەسەر قۆناغبەندی مێژوویی کرابێت، کە بە پێی قۆناغەکانی مێژوویی کۆن و ئیسلامی و نوێ و هاوچەرخ ڕیزبەندی بکرێت، ئەم شێوە دابەشکاری و قۆناغبەندیەش روونە سەرەتا لەلای ڕۆژئاواییەکانەوە دەرکەوتوە. هەروەها ئەوەی لەو بابەتانەدا بەدی دەکرێت ئەوەیە کە لەژێر کاریگەری ئەو سەرچاوانەدا شێوازی نوسینی خۆی دارشتووە و زۆر شوێنکەوتویی ئەوانی لە بەکارهێنانی سەرچاوەی جیا جیای بێگانە و ئاماژەدان بەسەرچاوە و ڕوونکردنەوەی پێویست لە پەراوێزدا پێوە دیارە،کە ئەمجۆرە کارانەش سەرەتای هەنگاون لەلای مێژوونووسی کورد، هەربۆیە یەکێك لەپسپۆڕو ئەکادیمییەکانی مێژوونووسی کوردی لە بارەی ئەمین زەکی بەگەوە گوتویەتی "بە راستی بە دامەزرێنەری قوتابخانەی مێژووی کورد ئەژمار دەکرێت ... ئەو لە خولاسەکەیدا میتۆدی مێژوونووسە نوێیکان بەکاردێنێت وبەمەش بناغەی بۆ توێژینەوە لە مێژووی کورد دارشتوە ، ئەو تایبەتمەندییەی میتۆدەکەشی کە وردییە لە تۆمارکردنی رووداوەکان و ڕاڤەکردنیانە لە ژێر کاریگەری لێکۆلینەوە و رۆشنبیری وسەرچاوە و پشت بەستنی بە مێژوونووسانی جێی متمانەی وەك مینۆرسکی ،لۆنگریك ،سیدنی سمیس و هامەر ،بووە "[1]هاوکات یەکێکی تریش لە پسپۆرانی بواری مێژوو پێی وایە ئاشنابوونی ئەمین زەکی بەو سەرچاوانە وای کردوە ئاگاداری رۆشنبری جیهان بێت و بە چاوێکی قوڵ ووردەوە بڕوانێتە رووداوەکان ،کە دەڵێت ئەمین زەکی یەکەم کوردە بەو جۆرە بنووسێت بۆیە بە وەرچەرخانی مێژوویی ئەژمار دەکرێت[2].

سێیەم: کاریگەری بەرهەمە رۆژهەڵاتناسییەکان لە میتۆدی نووسینەوی مێژوو لای ئەمین زەکی:

کاریگەری بەرهەمە ڕۆژهەڵاتناسیەکان لەسەر ئەمین زەکی بەگ لە شێواز و چۆنێتی نوسینەوە مێژووییەکانیدا، دەکرێت لەم لایەنانەی خوارەوە ڕوون بکرێتەوە:

---

(١)عبدالفتاح علی البوتانی ،المصدر السابق ،ص٣٥٩.

(٢)شاکر علی التکریتی ،المصدر السابق،ص٢٩٠.

أ : مێژووی کۆن:

لێکۆڵینەوە و کارکردن لەسەر مێژووی کۆن ، بە شێوەی زانستی  لە زۆربەی ڕۆژهەڵاتدا لەژێر کاریگەری کاری ڕۆژئاواییەکاندا بووە، چونکە زۆر روونە کە رۆژئاواییەکان بوون بۆ یەکەمجار کاری زانستیان لە سەر مێژووی کۆن وزانستی ئەرکیۆلۆجی ئەنجام داوە وبناغەی ئەکادیمیانەی لێکۆلێنەوە لەم قۆناغەیان دارشتووە . ڕۆژهەڵاتیش  بەو پێیەی لانکەی دەرکەوتنی چەندین شارستانی کۆن بووە و لە ڕووی زانستی شوێنەواری و مێژوویی کۆنەوە بایەخێکی زۆری هەبووە، تەنانەت بۆ یەکلاکردنەوەی بەشێك لە مێژووی کۆنی ڕۆژئاواش ، لەمەڕ پەیوەندیەکانی نێوان ئەو دوو شارستانییە،بۆیە هەر لە سەدەی هەژدەوە بۆتە جێی بایەخی پسپۆڕ و سەرقاڵانی بواری  مێژووی کۆن لە ڕۆژئاوا و دواتریش لەگەڵ زیاتر پێشکەوتنی لێکۆڵینەوە لە ئەرکیۆلۆجیا و مێژووی کۆن لە ناوەراستی سەدەی هەژدەوە چەندین نێردەی پشکنینی ئەرکیۆلۆجی هاتوون بۆ چەند شوێنێك لە نێوان دوو رووبار وکوردستان وئاسیای بچوك وئێران وسوریا ومیسر،کە دواجار دەرەنجامی کارەکانیان بوون بە بەشێکی گرنگ لەپرۆسەی  رۆژهەڵاتناسیدا [١] .

ئەوەی لە بارەی ئەم قۆناغەی مێژووی کوردەوە، لە نووسینەوەی مێژوویی ئەمین زەکیدا بەدی دەکرێت  ئەوەیە، کە ئەو لە ژێر باری ئەو رۆژهەڵاتناسانەدا سەرەتا هەنگاوەکانی بە دواداچوونی زانستیانەی لە سەر  هەمان شێوازی کارکرنی ئەوان دەست پێکردووە، بە خوێندنەوەی ئەو بابەتانەی کە دەربارەی ئەم قۆناغە نووسیویەتی دەردەکەوێت ،کە ئەو بۆ نووسینەوەی ئەم قۆناغە  زیاتر پشتی بە سەرچاوە رۆژهەڵاتناسییەکان بەستووە، هەر وەك خۆی ئاماژەی پێدەکات لەبەر نەبوونی سەرچاوە و زانیاری ڕێك وپێك دەربارەی کوردستان لەو قۆناغەدا، نووسینی ئەم بەشە ،بەشی هەرە قورسی کتێبی خولاصەیەکی تاریخی کوردو کوردستان ...بووە ، بۆیە ئەو بەڕوونی دەڵێت لە ژێر تیشکی کاری دووسەد ساڵەی زانایانی ڕۆژئاوا و ئارکیۆلۆجی لە مەڕ دۆزینەوە نوێیەکان، هەندێك تیشکی خستۆتە سەر مێژووی کورد لەو ماوە مێژووییەدا، کە بەڕای ئەو ئەویش ناتوانێت بەرچاوڕوونی تەواو لەو بارەوە بەدەستەوە بدات[٢].ئەمین زەکی لەهەردوو کتێبی خولاصەیەکی تاریخی ...و تاریخ سلێمانی ...دا بەشێکی بۆ ئەم قۆناغە تەرخان کردوە، کە زۆر ڕوون دیارە بۆ

(١)جمال رشید احمد ،المصدر السابق ،٥٠-٥٢.

(٢)  ئەمین زەکی ،خوڵاصەیەکی...،ل٦٧.

نووسینەوەی زۆرترین سودی لە سەرچاوە ڕۆژهەڵاتناسییەکان بینیوە ،هەر بۆیە لەژێر کاریگەری ئەو سەرچاوانەدا باس لەوە دەکات کە سەردەمی سۆمەریەکاندا لە چیاکانی زاگرۆس گەلانی وەك ئیلام، لۆللۆ، گوتی، کاسی، هەبوون و بەقسەکردن لەسەر لوللۆکان دەست پێ دەکات ، ئەو لە باسی ئەم گەلانەدا بەتەواوی پشتی بەو سەرچاوانە بەستووە، لەوانەش: زانیاریەکانی پرۆفیسۆر ئەفرام سپایزەر و ئەدمۆنس و مێجەرسۆن و هۆزتیك و مستەر هۆل و راولنسۆن . ئەمە ئەوانەی کە خۆی ئاماژەی پێداون[1]،بەڵام لە نووسینەکەدا زۆر بەڕوونی دەردەکەوێت زانیاریەکانی لە سەرچاوە ڕۆژهەڵاتناسیەکانەوە وەرگرتووە، ئەمە جگە لەوەی کە شێوازی باسکردنەکە و قۆناغبەندییەکەی و هاوکات ئاماژەدان بە جوگرافیا و لایەنی شارستانی ئەو گەلانە بەهەمان شێوە لەژێر کاریگەری ئەواندا بووە و لە ژێر تیشکی دەستکەوتە ئەرکیۆلۆجییەکانی رۆژئاوا بووە لە سەر ناوچەکە .

هەروەها یەکێك لەو لایەنانەی کە لەبارەی ئەم قۆناغەوە کاریگەری بەرهەمە رۆژهەڵاتناسییەکانە بەسەر ئەمین زەکییەوە، ئاشنابونی ئەوە بەسەرچاوە کۆنەکانی گریك و ڕۆم وەك هیرۆدۆتس و کەزنەفون و سترابون و چەندینی تر، کە ئەم سەرچاوانە لەکاری ڕۆژهەڵاتناساندا ئاماژەی پێکراوە وبەشێکن لەوسەرچاوانەی کە لە بارەی مێژووی کۆنی کوردستانەوە زانیاری بە سود لەخۆ دەگرن [2].

ئەمین زەکی بەگ کاتێك کە باسی مێژووی سلێمانی دەکات لە "تاریخی سلێمانی و وڵاتی دا " بەهەمان شێوەی خوڵاصەیەکی تاریخی لە مێژووی کۆنەوە دەست پێ دەکات، ئەو لەم ڕووە بەوە دەست پێدەکات کە ئافرەتێکی ئینگلیز ( مەبەستی ڕۆدۆسی گارڕۆد بووە) لە ١٩٢٨ی زاینی هەندێ کنە و پشکنین لە ئەشکەوتەکانی هەزارمێرد و سورداش کردووە کە دەڵێت ڕەنگە هی سەردەمی بەردین و زانیاریەکان لە وەزارەتی معاریف هەن[3] .

ئەو جارێکی تر بۆ قسەکردن لەسەر مێژووی کۆنی ئەم ناوچەیە گەڕاوەتەوە سەر زانیاریەکانی ڕۆژهەڵاتناسان و بە ڕوونی دیارە کە ئەو زانیاریانە دەخاتە ڕوو کەلەو سەرچاوانەدا هەن، هەر لەو ڕووەشەوە ئاماژەی بە بۆچوون و زانیاریەکانی چەند ڕۆژهەڵاتناسێك کردووە لەوانەیش مستەر هۆل

---

(١)ئەمین زەکی ،خوڵاصەیەکی...،ل ١٤-٣٥، و تاریخ سلیمانی، ل٢٩-٣٤.

(٢)جمال رشید احمد ،المصدر السابق ،ص٩١-١٧٤.

(٣) محەمەد ئەمین زەکی بەگ، تاریخی سلێمانی وە وڵاتی ، سەرجەمی بەرهەمی، بەرگی سێیەم ، ئامادەکردنی رەفیق سالَح ، بنکەی ژین ، سلێمانی ، ٢٠٠٦، ل٥.

و ئینسکلۆبیدیای ئیسلامی و تەنانەت ئاماژەی بە زانیاری (The Cambridge Ancient History) یش کردوە، لە میانەی باسەکەیدا ئاماژە بەوە دەکات کە سپایزەر لە ١٩٢٦دا بەدواچوون و پشکنینی لە سلێمانی کردوە، هاوکات پشتی بە زانیاریەکانی "ئۆڵمستد" یش بەستووە لە چەند شوێنێکیشدا گەڕاوەتەوە بۆ بۆچونی چەند رۆژهەڵاتناسێك لە یەك کاتدا ، بۆ نمونە باسکردنی بیروڕای هەریەك لە " ئۆلمستید" و "سپایزەر" و "بیلەر" و "ستریك" لەبارەی دیاریکردنی ناوەندی وڵاتی" زاموا"وە .جگە لە مێژووی کۆن هاوکات ئەمین زەکی بەگ بابەتێکی دەربارەی شوێنەوار و پاشماوە کۆنەکانی سلێمانی نووسیوە کە هەر بە زانیاری رۆژهەڵاتناسان دەست پێ دەکات ئەویش بە ئاماژەدان بە دۆزینەوەی نووسراوێك لە قوپی قەرەداغ لە دەربەندی گاور ، هەروەها باسی ئەوە دەکات کە رۆژهەڵاتناس "بەرزوروسکی" باسی بەردێکی تری کردوە هەر لەو ناوچەیەدا. هاوکات دەڵێت: "موستەشریق (هەرزفلد) یش بەعضێ وێرانەی زۆر کۆنی لە ناحیەی چوارتا و سرۆچکدا دۆزیوەتەوە. هەروەها پشت بە زانیاریەکانی میجەرسۆن دەبەستێت دواتریش زانیاریەکانی راولنسن" [٢].[١]

ئەوەی لەم قۆناغەدا دەردەکەوێت ئەوەیە کە زۆربەی هەرە زۆری زانیارییەکانی ئەمین زەکی لە بارەی ئەم قۆناغەوە نووسیویەتی، کە هەرچەندە نەیتوانیوە دەستی بە بەشێك لە سەرچاوە گرنگەکان بگات، بەڵام لە گەڵ ئەوەشدا ئەو پشتی بە هەندێکیان بەستووە کە لەو کاتەدا سەرچاوەی زۆر زانستی بوون و کەسانی پسپۆر نووسیویانن وەك سپایزەر وئۆڵمستد وکامبرج هستری و چەندینی تر ، ئەمە لە کاتێکدا کە ئەو زانیاریانەی ئەو نووسیویەتی و ئەو شێوازەی ئەو پێی نووسیوە بێ کەم وکوڕی نییە ، هاوکات باسەکانی ئەو لەم رووەوە هیچ زانیارییەکی ئەوتۆ لە بارەی سەردەمەکانی پێش مێژوو وبەردین لە خۆ ناگرن ئەویش زیاتر رەنگە لەبەر ئەوە بێت کنەو پشکنێن لەو بارەیەوە لە سەر کوردستان کەم کرابێت [٣]، هەرچەندە لە کتێبی مێژووی سلێمانیدا ئاماژە بە کارەکانی رۆدۆسی گارود دەکات لە هەردوو ئەشکەوتی زەرزی و هەزار مێرددا[٤]، بەڵام زانیارییەکی

(١) ئەمین زەکی، تاریخ ...، ل٥و١٣.

(٢)هەمان سەرچاوە ،ص١٥و ١٧.

(٣) جمال رشید احمد ،المصدر السابق ،ص٨٨-٩١.

(٤) ئەمین زەکی،تاریخی...،ل٥

ئەوتۆ باس نەکات تەنها گوتویەتی زانیارییەکان لە وەزارەتی مەعاریفن، هەرچۆنێك بێت و سەرەڕای هەموو ئەوانەش کارەکانی ئەمین زەکی وەك بناغەیەکی لێهات بۆ کارەکانی دواتر کە سەبارەت بەم قۆناغە لە بارەی مێژووی کوردەوە ئەنجام دراون .

ب : مێژووی سەدەکانی ناوەڕاست:

هەرچەندە ئەمین زەکی بەگ عەرەبیزانێکی شارەزا بووە و توانیوێتی سەرجەم زانیاریەکانی سەبارەت بە مێژووی کورد لە سەدەکانی ناوەڕاست" ئیسلام" دا لە سەرچاوە ڕەسەن و یەکەمینەکان وەربگرێت کە زیاتر لە نوسینە عەرەبیەکاندا هاتووە، بەڵام سەرەڕای ئەوەش بەهۆی کاریگەربوونی بە نووسینە ڕۆژهەڵاتناسییەکان لە لایەك و هەروەها زۆرجار لەپێناوبەهێزکردنی بۆچوونێکی تایبەتی خۆی یاخود دەستنەکەوتنی هەندێك زانیاری لە سەرچاوە عەرەبیەکاندا لە لایەکی ترەوە، دەبینین وەك زۆرینەی بابەت و بەرهەمەکانی تری لە باسکردنی مێژووی کورد لەسەدەکانی ناوەڕاستیشدا پەنا دەباتە بەرنووسینی نووسەرە ڕۆژهەڵاتناسەکان وسودێکی زۆر لەو بەرهەمانە وەردەگرێت، کە دەکرێت لەم بەشەدا لەگەڵ هێنانەوەی نموونەدا کاریگەربوونی بەو ڕۆژهەڵاتناسانە ڕوونتر بکەرێتەوە .

هەر لە سەرەتای باسکردنی فتوحاتی ئیسلامیدا باس لەوە دەکات کە کورد کاتێك کە بینی ئاینی ئیسلام لەگەڵ سروشت و ئاینی خۆیاندا زۆر گونجاوە ئاینی ئیسلامیان وەرگرت، بۆ بەهێزکردنی بۆچوونەکەیشی بۆچوونی ڕۆژهەڵاتناس "سێر مارك سایکس" دەهێنێتەوە. دواتریش کە دێتە سەر چۆنێتی فەتحکردنی شاری " مەلاتیە " زانیاریەکانی لە ئینسکلۆپیدیای ئیسلامەوە وەردەگرێت[1].

لە لایەکی تریشەوە هەروەك قۆناغەکانی تر لەم قۆناغە مێژوویەشدا ، بەراوردی نێوان زانیاریەکانی دوو ڕۆژهەڵاتناس لەیەك بابەتدا دەکات ، وەك ئەوەی کە سەبارەت شێوازی زانیاریەکانی هەر دوو ڕۆژهەڵاتناسی بەریتانی "مێجەر سۆن" و "سیر مارك سایکس" سەبارەت بە بابەتی هۆز و عەشیرەتەکانی کوردستان دەیکات، کە دواتریش سەبارەت هەمان بابەت سوود لە زانیاریەکانی ڕۆژهەڵاتناسانی تری وەك کاپتن های و دکتۆر فریچ و ئینسکلۆپیدیای ئیسلامیش وەردەگرێت[2].

---

(١) ئەمین زەکی ،خولاصەیەکی ...،ل٩٤و ٩٦.

(٢) ئەمین زەکی ، خولاصەیەکی ...،ل٢٤٧و٢٨٢.

ئەم شێوازی بەراوردکاریەی بەرهەمە ڕۆژهەڵاتناسییەکان هەندێك جار لەبەرامبەر سەرچاوە عەرەبیەکان بە ئەنجامی دەگەیەنێت، وەك ئەوەی کە زانیاریەکانی یاقوتی حەمەوی خاوەنی کتێبی " معجم البلدان" لەگەڵ کتێبی ( The land of the eastern… calipahate ) ی مستەر لوسترەنج دەکات لەبابەتی "کورد لە دەوری فتوحاتی تورکدا تا دەوری ئیلخانی" ، وە بۆ باس کردن لەچۆنێتی داگیرکردنی جەزیرەی بۆتانیش لەلایەن لایەنگرانی حەسەنە درێژێك کە فەرماندەیەکی ئاق قۆینلۆکان بوو لەساڵی ٨٧٥ك/١٤٧٠ز ،سوود لە زانیاریەکانی ناو شەرەفنامە وەردەگرێت و لە پاڵیشیدا سوود لە ئینسکلۆپیدیای ئیسلام وەردەگرێت وەك تەواوکەرێکی زانیاریەکانی. هەروەها لە بەراوردکردنی زانیاریەکانی مەسعودی لەگەڵ ئینسکلۆپیدیادا، لە بابەتی "عەشایری کورد لە ئەوایلی ئیسلامدا" هەمان میتۆد دەبینرێت [١] یاخود ئەو بەراوردەی کە لە نێوان زانیاریەکانی شێخ ئەبو ئەلعەباس قەلقەشەندی خاوەنی کتێبی "صبح الاعشی " و ئینسکلۆپیدیای ئیسلام لەبارەی هۆزەکانی ناوچەکانی "جیبال ئەکراد" دەیکات[٢]، یاخود جیاوازی نێوان "ئیبن ئەسیر" لەگەڵ ئیسکلۆپیدیای ئیسلامیدا لەسەر ڕوداو بەسەرهاتەکانی دەوڵەتی مەروانی[٣]،بەهەمان شێوە ئەم جۆرە بەراوردکاری و بەدواچوونە لەنێوان" العمري" و "مستەر ریچ" لە بابەتی هۆزی "کۆسا"دا دەبینرێت[٤].

بەهۆی ئەو شارەزایی و بەدواچوونە زانستیانەی کە ئەمین زەکی هەیبووە وایکردوە لە نووسینەوەی ئەم قۆناغەشدا ، خۆی ڕادەستی هەموو باس و خواستێکی ناو کتێبە ڕۆژهەڵاتناسییەکان نەکات بەڵکو زۆر جار دەبینین ڕەدی ئەو جۆرە باسانە دەداتەوە کە بڕوای پێ نییەو بە زانیاری نا ڕاستیان دەبینێت، بۆ نموونە کە کاتێك کە لە دیاریکردنی وەفاتی فەرمانڕەوا "هەزار ئەسپ"[٥]دا نوسینەکەی ئینسکلۆپیدیا دەگێڕێتەوە کە ساڵی ٥٥٥هەتا ٦٥٥ کۆچی حوکمی

(١)هەمان سەرچاوە ،ل ١٠٤، ١٢٢، ٢٣٩

(٢)هەمان سەرچاوە ،٢٤٢ -٢٤٧

(٣)هەمان سەرچاوە ،٥٢،٥٦

(٤) ئەمین زەکی ،تاریخی ....،ل٢٢-٢٣.

(٥) هەزار ئەسپ یان هەزار ئەسف: دووەمی ئەو ئەتابگانەیە کە لە لوڕی گەورەدا فەرمانڕەواییان کردووە کوڕی ئەبو تاهیری دامەزرێنەری دەوڵەتی ناوبراو بووە. قامووسئەعلامی شەمسەدین سامی، کورد و کوردستان لە یەکەم ئەنسیکلۆبیدیای تورکی لە مێژوودا، وەرگێڕانی :ئەحمەد تاقانە، چ٢، دەزگای چاپی ئاراس، هەولێر، هەرێمی کوردستانی عێراق،١٩٩٨،ل٣٧٣.

کردوه ، ئەو لە پەراوێزدا دەڵێت: "ئەم تـاریخە کە لە طـرف ئینسـیقلۆپەدیای ئیسـلامەوە بـۆ وەفـاتی هەزار ئەسپ و جلوس تیگلە دانراوە نابێ ڕاست بێ، چونکە لەدوای چەند ساڵی حکوومەت و شەڕ و هەرایەکی زۆر، ئەتابگ تیگلە لەگەڵ هۆلاکۆدا لە وەقعەی بەغدادا "محرم٦٦٦" حاضر بووە[1].

سەبارەت بە شێوازی سوود وەرگرتنیش لە سەرچاوە ڕۆژهەڵاتناسیەکان بۆ ژیاننامەی نـاودارانی کورد لە مێژووی ئیسلامیدا ئەوا باشتر وایە کە لە تێڕوانینی کتێبە بەنرخەکەی تـری ئەمـین زەکـیەوە باسی ئەو میتۆدە بکەین کە ئەویـش کتێبـی" مشـاهیر الکرد و کردسـتانە" کە بـۆ ئەم باسـە تەرخـان کراوە:

هەندێ جار لەباسکردنی کەسایەتیە کوردەکانی ناو مێژوی ئیسلامی لەپـاڵ سـەرچاوە عەرەبـی و ئیسلامیەکاندا سوود لە نوسینی ڕۆژهەڵاتناسەکانیش وەردەگرێت وەك لەباسکردنی ژیاننامەی مەلیك کامیل محمدی کوڕی مەلیك عادلی برازای صلاحەدینی ئەیوبی، وە هەروەها مەلیك صالح نەجمەدین و تورانشای کوڕانی مەلیك کامیل عادل[2].

لە هەنـــدێك شـــوێندا لە تەواوی زانیاریەکـــانی ژیاننـــامەی کەســـایەتیەکدا تەنهـــا ســـوود لە سەرچاوەیەکی ڕۆژهەڵاتناسی وەردەگرێت،وەك لە ژیاننامەی وەك لە ژیاننامەی أبو حسن علی سـیف الدین و ژیاننامەی جعفەری کوڕی ئەمیـر حەسـەن کە میرێکـی کـوردی سـەردەمی سـەدەی سـێهەمی کۆچی بووە [3] .

ج: مێژووی نوێ:

ئەگەر چـی ئەمـین زەکـی بەگ، لەنوسـینەوەی ئەم قۆنـاغەی مێـژوودا، هەوڵـی داوە زۆر پشـت بە زانیــاری ســەرچاوە ڕەســەنەکانی نــاوچەکە ببەســتێت،وەك "شــەرەفنامە" و "ئەولیــا چەلەبــی" و "فیردەوسی" و چەندینی تر، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا جارێکر تر پەنای بۆ سەرچاوە ڕۆژهەڵاتناسیەکان بردوە و لەم ڕووەشەوە هەندێك جار بابەتی یاخود چەند لاپەڕەیەکی لە ژێر تیشکی ئەو زانیاریـانەدا نووسـیوە، بە تـایبەتیش زانیاریەکـانی ئینسـکلۆپیدیای ئیسـلامی و زانیاریەکـانی "سـتیڤن هـیمس لۆنگرینگ" لە کتێبی چوار سەدە لە مێژووی عێراقی نوێ ، بۆنموونە لە باسی نـادر شـادا هەر بۆخـۆی

(١) امین زکی،مشاهیر کورد ،ص٥١، ئەمین زەکی ، خوڵاصەیەکی ...،ل٢٠٨ ؛

(٢) امین زکی،مشاهیر...، ص٢٢،٢٣،٢٠.

(٣)المصدر نفسه ،٧٩-٨٠ ، ١٥٩.

دەڵێـت " مەعلومــاتی ئەم لاپەڕەیە و باســی نادرشــاە لە "چــوار عەصــری دوایــی عیــراق"ەوە موختەصەرن وەرگیراوە"[1]،هەروەها سوودی لە زانیاریەکانی فۆن هامەری مێژوونووسی نەمساوی وەرگرتـووە،کە فـۆن هـامەریش زۆرجـار سـودی لە ئەولیـا چەلەبـی وەرگرتـووە ، هاوکـات لەباسـی میرنشینی ئەردەڵاندا ئەمین زەکی زانیاریەکانی دکتۆر فریچ دەگێڕێتەوە سەبارەت بە سـەرخاب بەگ و تەیموور خان [2].

لە باسـی میرنشـینی بانەشـدا، هەر بەهەمـان شـێوە ئەو زانیاریـانەی خسـتۆتە ڕوو کە ڕیـچ لە گەشتەکەیدا لەو ناوچەیە تۆماری کـردووە، هەروەهـا لەبـارەی عەشیرەتی کەلهوڕیشـەوە بـاس لەوە دەکات کە لە ساڵی ١٨٣٦دا، راولنسۆن چۆتە ناوچەی زەهاو و باسی کەلهوڕ دەکـات و ئیـدی باسـەکەی گێڕاوەتەوە، هەروەها باس لەوە دەکات کە کاتێك مێجەر میلنگین چۆتە وان بەمجـۆرە دۆخـی ئەوێ دەگێڕێتەوە کە بە درێژیی باسی کردووە[3]، راستییەکەی ئەم کـارەی ئەمـین زەکـی بـریتییە لە پشـت بەستن بە یەکێك لە سەرچاوە رەسەنەکانی ئەو سەردەمە کە نووسەر خۆی لە نێو ڕووداوەکەدا بووە ، کە ئەمە لەلایەن زۆربەی هەرە زۆری رۆژهەڵاتناسـان پیـادەکراوە وسـودیان لە زانیـاری گەڕیـدەکان بینیـوە ،واتـا لەم قۆنـاغە مێـژووییەدا جـگە لە کـاریگەری میتۆیـانە و زانیـاری دووتـوێی سـەرچاوە مێژووییەکـان هاوکـات وەك سـەرچاوە وبەڵـگەی رەسـەن کـاری رۆژئاواییەکـان کـاریگەری لە سـەر مێژوونووسی ئەمین زەکی بووە.

ئەمانە و جگە لەوەی ئەمین زەکی بەگ لە چەند شوێنێکدا بۆچوونی ڕۆژهەڵاتناسان لەبارەی چەند ڕووداوێکەوە تاوتوێ دەکات، بۆنموونە لە بارەی دەرکەوتنی میرنشـینی ئەردەڵانەوە، ئەو باسـەکەی بەوە دەست پێ دەکات، کە بەگوێرەی شـەرەفنامە و لۆنگریـك، ئەم دەوڵەتە زۆر بەهێـز بـوو و ئامـاژە بەوە دەکات کە بە گوتەی ئەردەڵانیەکان ئەم میرنشینە زۆر کۆنە و دەگەڕێتەوە سەردەمی عەباسی و تەنانەت ساسانیش بەڵام دەڵێت ئەمە بەڵگەیەکی وای نییە پشت ڕاستی بکاتەوە بۆیە دەچێـتە سـەر بۆچوونەکانی لۆنگریك کە دەڵێت لەلایەن جەنگیز خانەوە دانیپێدانراوە. هەروەهـا بۆچـوونی دکتـۆر فریێچ، کە دەڵێت لەلایەن جەنگیز خانەوە کـرایە حـاکمی ئەو نـاوچەیە ئەوا دەبێـت دامەزرانـدنی ئەم

---

(١) ئەمین زەکی ، خوڵاصەیەکی ...،ل١٥٠-١٥٢.

(٢)هەمان سەرچاوە ،ل٢٣٦-٢٣٧.

(٣)هەمان سەرچاوە ،ل ٢٨٣.

میرنشـــینه له کۆتـــایی ســـەردەمی عباســـی بێـــت[1]. لەم سۆنگەیەشـــەوە لەبـــارەی چـــۆنێتی دامەزرانـدنەکەیەوە دوای باسـکردنی بۆچـوونی شـەرەفنامە دەڵێـت : "ریـوایەتی ( چـوار عەصـری عێراق) یش لە ئەساسدا وەکو ڕیـوایەتی شـەرەفنامە وایە"[2]. هەروەهـا لە باسـی تێکشـکانی مـأمون بەگ و چوونی بۆ ئەستەمبوڵدا ئاماژە بەوە دەکات کە" دکتۆر فرێچ گوتویەتی ئەو بەدیلی بـراوە بـۆ ئەستەمبول"[3].

ئەمین زەکـی بەگ لەبـارەی میرنشـینی بابـانەوە، سـەرەتای بـابەتەکەی بە زانیاریەکـانی لۆنگریـك دەست پێدەکات و دواتریش دەچێتە سەر قسەکانی مستەر ڕیچ کە لەبارەی ڕەچەڵەکەکی بابانەوە لە محمود پاشای پرسیوە، بەڵام ئەو هیچ کام لەو دوو بۆچـوونە بەڕاسـت نازانێـت[4]،هەروەهـا لەبـارەی دامەزرانـدنی میرنشـینەکەوە ئامـاژەی بە ئینسـکلۆپیدیای ئیسـلام داوە و ڕیوایەتەکەشـی بە لاواز لەقەڵەم داوە [5].

لەباسی بەکر بەگدا دەنووسێت : "بەڵام بەپێی قسەی نازم بەگ دەبێت ئامۆزای بەکر بەگ بووبێت، بەڵام ڕاستیەکەی ئەوەیە کە ئامۆزای بووە"[6]، هەروەها لە بارەی خالد پاشاوە کە لۆنگریـك بە کـوڕی بەکر بەگی داناوە دەڵێت "راستیەکەی ئەوەیە کە نازم بەگ گوتویەتی کوڕی تەیمور خان بەگە"[7].

لەلایەکی تریشەوە ئەمـین زەکـی بەگ لەبـارەی ئەوەی سـلێمانی چەنـد مـاڵ بـووە و دانیشـتوانی چەند کەس بوون پشتی بە زانیاریەکاتی میستەر هارت و ڕیچ و میجەرسۆن و لیك لامایە بەستووە، بەڵام ئەوە نەبێـت کە بەتەنهـا ڕۆڵـی وەرگێڕیـك ببینێـت و قسـەی لەسـەر نەکـردبن بەڵکـو دەڵێـت "زانیاریەکانی هار و ڕیچ لێك نزیکن بەڵام ئەوانی سۆن و هارت جیاوازی زۆریان هەیە کە لە عەقڵ بە دوورە"[8].ئەمانەو جگە لەوەی کە لەو بابەتانەشدا کە دەرباری کەسایەتی و شـاعیر ونـاودارانی کـورد

(١)هەمان سەرچاوە ،ل٢٣١.

(٢)ئەمین زەکی ، خوڵاصەیەکی ...،ج٢، ل٢٣٢

(٣)هەمان سەرچاوە ،ج١،ل٢٣٤.

(٤) ئەمین زەکی، تاریخی ....،ل٣٤.

(٥)هەمان سەرچاوە ،ل٣٥-٣٦.

(٦)هەمان سەرچاوە ،ل٣٥-٣٦.

(٧)هەمان سەرچاوە،٤٥.

(٨)هەمان سەرچاوە ،ل٦٧ .

نووسیویەتی ئەمین زەکی هەوڵی داوە پشت بە زانیاری ڕۆژهەڵاتناسان ببەستێت بۆنموونە ، لە بابەتێکدا کە لە ژمارە حەوتی گۆڤاری گەلاوێژدا دەربارەی بابا تاهیری هەمەدانی بڵاوی کردۆتەوە ، ئاماژە بە بۆچوونی هەندێك لە ڕۆژهەڵاتناسان و هەوڵەکانیان بۆ کۆکردنەوەی چوارینەکانی باس کردوە لەوانە: مستەر هەرن لە ١٨٨٥ و ئی هەروت [(١)].

بەوردبوونەوە لە کارەکانی ئەمین زەکی لە بارەی ئەم قۆناغەی مێژووی کوردەوە دەردەکەوێت کە سەرەڕای ئەوەی ئەمین زەکی بەگ هەوڵی داوە پشت بە سەرچاوە ڕەسەنەکانی ناوچەکە ببەستێت ، بەڵام لە گەڵ ئەوەشدا نەیتوانیوە خۆی لە گەڕانەوە بۆ زانیارییەکانی سەرچاوە ڕۆژهەڵاتناسییەکان ببوێرت ولە چەندین شوێندا گەراوەتەوە بۆ ئەو سەرچاوانە وبابەتەکەی پێ دەوڵەمەندتر کردووە ، ئەمە جگە لەوەی کە لە کارکردنی لە سەر ئەم قۆناغەش بە هەمان شێوەی قۆناغەکانی پێشوتر کاریگەری ڕۆژهەڵاتناسان بە سەر میتۆدی کارکردنی و مامەڵکرنی ئەو لە گەڵ سەرچاوە و زانیارییە مێژووییەکاندا دەردەکەوێت ، کە ئەگەرچی ڕەنگە لە بارەی ئەم قۆناغەی مێژووی کورد لە ئێستادا ودوای دەرکەوتنی سەرچاوە و بەڵگەی نوێ تارادەیەك بەشێك لە زانیارییەکانی ئەمین زەکی جێی تێبینی بن ؛ بەڵام لە گەڵ ئەوەشدا ئەو کارەی ئەمین زەکی بەگ لەم رووەو کردویەتی وەك بناغەیەکی لێهات بۆ کارەکانی دواتر وتەنانەت هەندێك لە کارەکانی دواتر راستەوخۆ سودیان لە زانیارەکانی وەرگرتووە بۆ نمونە: ساڵح قەفتان لە کتێبی (مێژوی گەلی کورد لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ)، لە زۆر شوێندا ئاماژە بەوەدەکات کە زانیارییەکانی وەك خۆی لە ئەمین زەکی وەرگرتووە [(٢)]، ئەمە جگە لەوەی پێویستە ئاماژە بەوەش بکرێت ، کە کارەکانی ئەمین زەکی لە بارەی ئەم قۆناغە مێژوییەوە وای کردووە کە جگە لەوەی ئەمین زەکی بەگ سوودی لە بەرهەمی ڕۆژهەڵاتناسەکان بینیوە لە هەمان کاتدا هەندێك لە ڕۆژهەڵاتناسەکانیش سوودیان لە کارەکانی ئەو وەرگرتووە،بۆنمونە: باسیلی نیکیتین، لە کتێبی (کورد) دا سوودی لە سێ بەرهەمی ئەو بینیوە،هاوکات وەك مێژوونوسی کوردی دوای شەرەفخان ناوزەدی دەکات [(٣)]هەروەها ی. ئی

(١)رفیق ساڵح ،سەرجەمی ....،ل١١٣.

(٢)بۆ نمونە بڕوانە: صالح قەفتان،مێژووی گەلی کورد لە کۆنەوە تا ئەمرۆ ، چاپی دووەم ،سلێمانی ،٢٠٠٤،ل٢٢٤-٢٢٥

(٣)باسیلی نیکیتین،الکرد دراسة سوسیولوجیة وتاریخیة ، ترجمة : د.نوری طالبانی ، اربیل ، ٢٠١٢،ص٢٨٢-٢٨٣.

ڤاسلیڤیا له کتێبی (کوردستانی خواروی ڕۆژهەڵات) دا ئاماژە بەوە دەکات کە بۆ نووسینەوەی ئەو کتێبە سوودی له بەرهەمەکانی ئەمین زەکی بەگ بینیوە[١].

د: ڕەچەڵەکناسی:

دوای هاتنی گەڕیدە و ڕۆژهەڵاتناسان بۆ ناوچەکانی ڕۆژهەڵات، یەکێك لەو لایەنانەی سەرنجی ڕاکێشاون و هەوڵیان داوە لێی بکۆڵنەوە، بابەتی نەژادی گەلانی ناوچەکە بووە،لەم رووەشەوە، ئەوان سەرەتای هەوڵە زانستییەکانیان دەست پێ کرد، هەر لەم نێوەندەشدا گەڕان بە دوای بنەچەی نەژادی کورد و پاککردنەوەی له تێڕوانینە ئەفسانەی ونادروستەکان، یەکێك بووە لەو بابەتانەی کە ڕۆژهەڵاتناسان یەکەم کەسەکان بوون هەوڵیان داوە بەشێوەیەکی زانستیانە و بە پشتبەستن بە بەڵگە مێژوویی و ئارکۆلۆجی و ئەنترۆپۆلۆجی و زمانەوانییەکان لێی بکۆڵنەوە و ئەم پرسە خاوێن بکەنەوە له بابەتە ئەفسانەیی و بێ بنەماکانی کە پێشووتر لە مەڕ ڕەچەڵەکی کورد و لە ئەفسانە و سەرچاوەکانی ناوچەکەدا هەبوون.

ئەمین زەکی بەگ یەکێکە لەو سەرەتا کەسانەی کە لەژێر کاریگەری ئەو کارانەدا هەوڵی داوە لە ڕیشەی نەژاد و ڕەچەڵەکی کورد بکۆڵێتەوە کە بە گوتەی خۆی دەرەنجامی شوێنەوارناسی دراوسێکانی کورد و خودی کوردیش لەم بارەیەوە تا ئەو کات زانیاری یەکلاکەرەوەیان نەداوە بەدەستەوە، هەربۆیە ئەو دەڵێت کە "هێشتا بە بابەتکردنی بۆچونێکی یەکلاکەرەوە کاتی نەهاتووە"[٢]، ئەمەش وادەکات دکتۆر جەمال رەشید لە پێشەکی بەرگی یە کەمی کتێبی ظهور الکورد دا بڵێت "ماوەیەکی دورو درێژە کۆمەڵێك کەس هەوڵیان داوە بیردۆزەیەك لە بارەی دەرکەوتنی کورد لە مێژوو دابڕێژن" کە یەکێك لەوانە ئاماژەی بە ئەمین زەکی کردووە[٣].

جگە لە بابەتی پشت بەستن بە زانیاری وبۆچوونەکانی ئەوان هاوکات شێوازی گەڕان و بەدواداچوونەکەشی لەم کارەدا کاریگەری ئەو کارانەی پێوە دیارە. لە بەدواچوون و تاوتوێکردنێکی

(١)ی.ئی .ڤاسیلیەڤا ،کوردستانی خوارووی رۆژهەڵات لە سەدەی حەڤدەوە تا سەرەتای سەدەی هەژدە (کورتەیەکی مێژووی میرنشینانی ئەردەلان وبابان )،هەولێر ،١٩٩٧،ل٣٢.

(٢) ئەمین زەکی ،خولاصەیەکی ...ج١،ل٣٣.

(٣)جمال رشید احمد ،المصدر السابق ،ص١.

وردی زانیارییەکـان و هەڵسـەنگاندی بیروبۆچـوونە جیاجیاکـان وبەراورد کردنیـان و پشتبەسـتن بە تێڕوانین وتێزە مێژوویی و زمانەوانی و ئەرکیۆلۆجییەکان . کە ئەمجۆرە کارە و ئەو جـۆرە میتـۆدی کـارکردنە بەر لە ڕۆژهەڵاتناسـان و تەنـانەت لە کـاتی ئەمـین زەکـی بەگیشـدا زۆر بەکەمـی لە سەرچاوەکانی ناوچەکەدا بەدی دەکرێت. هەربۆیە ئەمە ڕوونە کە میتۆدی ئەوانە بەکاری دەهێنێت، هەروەکـو عەباسـی وەلـی ئامـاژەی پێکـردووە کە ڕەچەڵەکناسـی خـاڵی دەسـتپێکی مێژوونووسـی نەتەوەییە، کە بۆ ئەو کات ئەم کارە ئەستەم بـووە ئەمـین زەکـی بەگ زۆر جـار ناچـار بـووە پشـت بە ڕاوبۆچوونی داڕشتراوی زانایان و ڕۆژهەڵاتناسان ببەستێت(١).

لە ڕاسـتیدا ئەوەی ئەمـین زەکـی بەگ لەم بـوارەدا کردویەتـی تەنهـا گێـڕانەوەی زانیـاری ڕۆژهەڵاتناسان نەبوو ، بەڵکو ئەو لەو کارەیدا بۆچوونی بەشـی هەرە زۆری ئەو ڕۆژئاواییـانەی بەکـار هێناوە کە تا ئەو کاتە لەسەر ڕەچەڵەکی کورد ئەنجامیان داوە وەك نۆلدکە و کەی پـارت و م.هارتمـان و ریسك و وایسباك ، ئەمە جگە لەوەی کە هەوڵی داوە ئەو زانیاریانە لەگەڵ زانیارییە مێژووییەکانی سەرچاوە کۆنەکانی وەك هیـرۆدۆتس و کەزنەفـون و چەنـد ڕۆژهەڵاتناسـێکی وەك " تـۆرودانگین" و ئەدمۆنس و هابشمەك ، بەراورد بکات ، بۆ ڕاستکردنی ئەو زانیاریانەی ، کە بەکار هێناون (٢).

ئەو زۆر بەڕوونـی دەڵێـت "لەبەرئەوەی تـا ئێسـتا زانایـانی شـوێنەوار و مێـژوو ئەم لایەنەیـان بەتەواوی ڕوون نەکـردۆتەوە بـۆیە مێژوونـووس دەبێـت شـوێن تێڕوانینـی هەنـدێك ڕۆژهەڵاتنـاس بکەوێت ئەویش بەگوێرەی ڕەگەز و زمان و نیشتمانە"(٣).

ئەمین زەکی بەگ دەرکەوتنی ڕەچەڵەکی کورد دەکات بە دوو چینەوە یەکەمیان گەلانـی کـۆن و دووهەمـیش هـاتنی شـاڵاویی کـۆچی هـۆزە هینـدۆئەوروپییەکان، کە هەر دەسـتپێکی باسـی بەشـی دووەمی بە زانیاری هەروەی رۆبنسن و هنری بریستد دەست پێدەکات، دواتریش دەچێتە سەر باسـی پەیوەندی ماد و نایری و کاردۆخیەکان بە کوردەوە کە لێرەدا زۆر پشت بەو بۆچونـانە دەبەسـتێت کە ڕۆژهەڵاتناسان دەریـان بڕیـوە، بـۆ نمـونە ئامـاژە بە بۆچـونی (سـایس) دەکـات کە بـاس لەوە دەکـات

(١) ڕەچەڵەکناسی کوردەکان : سازکردنی نەتەوە وناسنامەی نەتەوەیی لە نووسینی مێژووی کورددا ،وەرگێڕانی لە ئینگلیسییەوە :د.هاشم ئەحمەزادە ،ستۆکهۆڵم ،٣٢،٢٠٠٤.

(٢) ئەمین زەکی ،خوڵاصەیەکی ...ج١،ل٣٣-٥٢.

(٣) هەمان سەرچاوە، ج١،ل٥٠ .

مادەکـان کـورد بـوون و باسـی سـنوورەکەیان دەکـات و هەرئەوەش نـا بەڵکـو دەڵێـت هەنـدێك لە ڕۆژهەڵاتناسان دەڵێن زمانی ماد زمانی کوردی ئەمڕۆیە[1].

بە گشتی ئەوەی ئەمین زەکی لە بارەی ڕەچەڵکناسی کوردەوە کردویەتی بەروونی دەردەکەوێت ، کە جگە لە پشتبەستن بە زانیـاری ڕۆژهەڵاتناسـان هاوکـات هەر لەژێـر کـاریگەری ئەو کـارانەدا ئەو راوبۆچونانە تاوتوێدەکات وهەڵ دەدات لە سەر بنەمای زانیـاری وبەڵـکە ئەرکیۆلـۆجی و مێژوویـی و زمانەوانییەکاندا بە دوای ئەم پرسەدا وێڵ بێت ،کە ئەمە دەکرێت بە هەنگاوە یەکەمەکانی ئەمجـۆرە کارە لە نێو کورددا ئەژمار بکرێت ودواجاریش ئەوانەی لە دوای ئەو لەم بوارەدا کاریـان کـردووە هەر لەسەر هەمان ڕێچکە کار بکەن .

هـ :مێژووی کۆمەڵایەتی:

پێشکەوتنی میتۆدەکانی لێکۆڵینەوە لە ژیان و پەیوەندی و پێکهـاتە کۆمەڵایەتییەکـان لە ڕۆژئـاوا وای کردبـوو کە جیـاوازی ژیـانی کـۆمەڵایەتی ناوچەکـانی ڕۆژهەڵات لە گەڵ ڕۆژئـاوادا ببێـتە جێـی سەرنجی بەشـی هەرە زۆری ڕۆژهەڵاتناسـان و گەڕیـدەکان و بـایەخی زۆر بە ژیـانی کـۆمەڵایەتی و داب ونەریـت و زمـان و ئەدەبـی ناوچەکـانی ڕۆژهەڵات بـدەن چ بە ئەنجامـدانی لێکـۆڵینەوە یـان تۆمـارکردنی زانیارییەکـان لەم ڕووەوە ، کەدواجـار ئەم کارانەیـان بەدیوێکـدا بـوون بەسـەرچاوەی سـەرەکی کـاری مێژوویـی لەم ڕووەوە و بەدیـوێکی تریشـدا ڕۆڵیـان بـوو لە دەرکەتنـی ئەم جـۆرە لێکۆڵینەوەی لە پێکهاتەی کۆمەڵگا و مێژووی کۆمەڵایەتی ناوچەکە.

وەك ئەمـین زەکـی خـۆی دەڵێـت "زانایـانی ڕۆژئـاوا زۆر دەمێکە لەم ڕووەوە خەریکـی پرسـیار و سەرنجدانن"[2] .ئەو ئاماژەی بەوە داوە کە دەربارەی نەریت و ژیان و فۆرمی کوردی، ڕۆژهەڵاتناسان بەرهەمی زۆر باشیان نووسیوە و زۆربەیان بەبێ لایەنـی و دادپەروەرانە باسـیان کـردوە، دەڵێـت بـۆ درێـژەدان بەم جـۆرە نووسـینانە پێویسـتی بە کتێبـی زۆرە ، بـۆیە ئەوانەی دەیانەوێـت لەم ڕووەوە زانیاری بەدەست بهێنن پێویستە بگەڕێنەوە بۆ کتێـبەکەی ئەلکسـەندەر ژابـا " مجمـوعە ملاحظـات و خبـرات دەرحەق بە کوردسـتان ١٨٦٠) و ئەپەرەکەی مسـیۆ نیکیتـین "دەرحەق بـە کـورد بەعضـی ملاحـظە و بەرگـی بیسـت ویەکەمـی ئیسـنقلۆپەدیای گەورە و کتێبەکـانی مسـیۆ هنـری بەنـدەر

(١) هەمان سەرچاوە،ج١، ل٥٩ .

(٢) بروانە: ئەمین زەکی ،خولاصەیەکی ...ج١،ل١٩٩، ٢٠١.

"سیاحەت لەوڵاتی کورددا" و کاپتن های " دووساڵ لە کوردستان" دا و " میجەرسۆن " بە تبدیل لە میزۆپۆتامیا و کوردستاندا" و سیر مارك سایکس " دوایی وارثانی خولەفا"[1].

هەروەها پێکهاتەی ئاینی کوردستان و هەبوونی هەندێك لە ئاینە کۆنە غەیرە ئیسلامەکانی سەردەمی مێژووی ئیسلام و ئەوانەی پێش ئیسلامیش بەردەوام جێی سەرەنجی ئەو گەڕیدە و ڕۆژهەڵاتناسانە بووە کە کاریان لەسەر کوردستان کردووە، بۆیە لەبەشی هەرە زۆری ئەو کارانەدا هەوڵ دراوە قسە لەسەر ئەو ئاینانە بکەن ،بۆ نمونە کارەکانی نیکیتین و مینۆرسکی و مێجەرسۆن و چەندانی تر ،کە وەك دەردەکەوێت ئەمین زەکی بەگ زۆر پشتی بەو سەرچاوانە بەستوە ، هەر بۆیە گەڕانی ئەو بە نێو ئەو سەرچاوانەدا و کاریگەریان لەسەر نوسینەوەی مێژوو لای ئەو وایان کردوە ئەویش باسی ئاینەکانی کوردستان ومێژوویان بکات ، وەك زەردەشتی و عەلی ئیلاهی و ئێزیدیەکان، کە تیایدا بەڕوونی دیارە تاوتوێی بیروبۆچوونی ڕۆژهەڵاتناسی دەکات و ئاماژە بە زانیاری هەندێ لەو ڕۆژهەڵاتناسانە دەدات لەوانە بۆچونێ میستەر "جاکسن " کە دەڵێت "موتەخەصیصە لەم فکرەیەدا کە زەردەشتیە... جاکسن گوتویەتی زەردەشت لە نیوەی دووەمی سەدەی حەوتی پێش زاین هاتۆتە دونیاوە و لە نیوەی یەکەمی سەدەی هەشتەمدا کۆچی دوایی کردوە، بەڵام ئەمە قەطعی نیە"[2]. ئەوەی تێبینی دەکرێت ئەمین زەکی بەگ لەباسکردنی ئاین و ئاینزاکانی کوردستاندا زۆر کاریگەری کتێبی "وارثی خولەفا" ی بەسەرەوەیە کە لەلایەن ڕۆژهەڵاتناسی بەریتانی سیر مارك سایکسەوە نوسراوە هەرچەندە رەنگە لەم روەوە پشت بەستن بەو سەرچاوانە وای کردبێت تارادەیەك کەموکوڕی لە زانیارییەکانی ئەمین زەکی هەبێت ، بەڵام لە گەڵ ئەوەشدا هەنگاوێکی گرنگە لە دەرکەوتنی گرنگیدان بە مێژووی ئاینەکان لە مێژوونووسی کوردیدا.

جگە لە ئاین هاوکات زمان کایەیەکی تری ژیان و مێژووی کوردە کە لەبەرهەمی ڕۆژهەڵاتناس و گەڕیدەکاندا بایەخی زۆری پێدراوە وەك ڕەچەڵەکی زمانی کوردی و دیالێکتەکانی و ڕێزمانەکەی کە لەم روەشەوە زۆر ئاشکرا دیارە ئەمین زەکی بەگ لە ژێر کاریگەری ئەو نوسینانەدایە چ لە شێوازی باسکردنەکە و چ لە جۆری گفتوگۆکردنی زانیاریەکان و هاوکات ئەو زانیاریانەی کە پشتی پێ بەستوون و بەکاری هێناون، ئەو لەم بارەیەوە دەستپێکی کارەکانی بەگەڕانەوە بۆ بۆچوونەکانی

(١)هەمان سەرچاوە،ج١،ل١٩٩، ٢٠١.

(٢)ئەمین زەکی ،خوڵاصەیەکی ...ج١، ل٢٠٣.

سپایزەر دەست پێ دەکات کە دەربارەی زمانەکانی لۆللۆ، و کاسای، سوباری یان هۆری کە پەیوەندیان بەیەکترەوە هەیە ، هەر لەویشدا دەڵێت : "بەعضێ لە موستەشرقین ئەڵێن کە زمانی ئەم چوار قەومە لە جوملەی لیسانی ئاری بووە، بەڵام بەعچێکی تریشیان ئەڵێن زۆر ڕەنگە کە زمانی زاغرۆسی مەنسوبی لوغەتی "قۆقازی " بێ، خولاصە ئاثاری دوو زاراوەی تا ئێستا بۆ حەللی یەکەم مەسئەلەیە کافی نییە، موحتاجی وثائقی تازەیە"[١].

لە لایەکی ترەوە هەر لە ژێر کاریگەری بەرهەمە رۆژهەڵاتناسییەکاندا کە بایەخی زۆریان بە هۆز وسیستەمی هۆزایەتیی کوردستان داوە ئەمین زەکی جومگەیەکی باسی کۆمەڵایەتی بۆ قسەکردن لە سەر هۆزی کوردی داناوە ،کە بەشێکی زۆری باسەکەی پشت بەستنە بە زانیاریەکانی میجەرسۆن و مارك سایکس و ئۆمان، و راولینسۆن و ئینسکلۆپیدیای ئیسلام و دکتۆر فرێچ [٢]، ئەو لە سەرەتای ئەوباسەدا کە لە بارەی سەرچاوەکانی پێش جەنگی گەورە باسی هۆزە کوردەکانیان کردوە بەوە دەستپێدەکات کە دەڵێت : "دەرحەق بە وەضعیەتی عەشایری کوردی ئەم دەورە لە طەڕەف (سێر مارکس ومێجەرسۆن ) ەوە بەعضێ مەعلوماتی زۆر چاك دراوە"[٣] کاتێك ناوەرۆکی بابەتەکەش دەخوێنیتەوە دەردەکەوێت کە ئەمین زەکی لەم بابەتەشدا زۆر لە ژێر کاریکەری بۆچوونی رۆژهەڵاتناسادایە و زانیارییەکانی ئەوان تاوتوێ دەکات ئەمە جگە لەوەی بەشی هەرە زۆری زانیارییەکانی مارك سایکسە کە لە کتێبی هۆزە کوردییەکانی دەوڵەتی عوسمانی باسی کردووە [٤].

پێنجەم :چەند سەرنجێك لەبارەی سوود وەرگرتنی ئەمین زەکی لە سەرچاوە ڕۆژهەڵاتناسییەکان و ئاماژەدانی بەو سەرچاوانە :

ئەوەی لە گەڕان بە نێو کارەکانی ئەمین زەکیدا دەربارەی چۆنییەتی ئاماژەدانی بەو سەرچاوانە بەدیدەکرێت ، ئەوەیە کەوا ئەمین زەکی بە شێوازی جیا جیا ئاماژە بەسەرچاوە ڕۆژهەڵاتناسیەکان دەدات، کە دەکرێت لێرەدا ئاماژە بە هەندێك لەو شێوازانە بدەین:

---

(١)هەمان سەرچاوە،ج١،ل٢١٤.

(٢)ئەمین زەکی ،خوڵاصەیەکی ...ل٢٣٩-٢٨٣.

(٣)هەمان سەرچاوە ،ل٢٤٧.

(٤)مارك سایكس ، القبائل الكردية في الامبراطورية العثمانية ، ترجمة خليل علي مراد ، دمشق،٢٠٠٧ ،٢٩-١٠٤.

ئەمـین زەکـی زۆر بەکەمـی نـاوی نووسـەرە ڕۆژهەڵاتناسـەکە و نـاوی بەرهەمەکەی و ژمـارەی جەلدەکەی و لاپەڕەکەی دەهێنێت [(١)]،هەندێك جار" کە ئەمەیان زۆر بەکەمیە" ئاماژە بە سـەرچاوە و ژمـارەی جەلـد و لاپەڕەش دەکـات[(٢)]کەچـی جـاری واش هەیە نـاوی ڕۆژهەڵاتناسـەکە لەگەڵ نـاوی کتێبەکەشـی دەهێنێـت[(٣)]، بەڵام بەشـێوەیەکی زۆر کەم نـاوی سـەرچاوە و ژمـارەی جەلـد و ژمـارەی لاپەڕە لەگەڵ ئەو بابەتەی کە مەبەستێتی خوێنەر بۆی بگەڕێتەوە دەهێنێت[(٤)].

هەندێك جار ئاماژە بەسەرچاوە و جەڵدەکەشی دەکات[(٥)]،یان ئاماژە بە ناوی سـەرچاوە لەگەڵ ئەو بابەتەی کە مەبەستێتی خـوێنەر بـۆی بگەڕێـتەوە وەك لە باسکردنی هـۆزی "کـۆس" وەهەروەهـا لە باسی ئیمارەتی "مـوکری" [(٦)]،یـانیش ئامـاژە دەدات بە ژمـارەی جەلـد ولاپەرە بەبـێ ناوهێنـانی نـاوی نوسەر و سەرچاوە [(٧)]،یاخود هەندێ کات ناوی ڕۆژهەڵاتناسەکە لەگەڵ ژمـارەی جەلـدەکە دەهینێـت" [(٨)]، هەندێك جاریش تەنها ناوی سەرچاوەکە دەهێنێت بەبێ ئاماژەدان بە جەڵد و ژمارەی لاپەرە[(٩)].

لەلایەکی ترەوە ئەمین زەکی بەگ هەنـدێك جـار نووسـینی ڕۆژهەڵاتناسـەکان بەکـار دەهێنـێ لە نوسینی پەراوێزێك کە ناوەڕۆکەکەی پێ دەوڵەمەند دەکات و زیادتری دەکات، بۆ نمونە لە باسـکردنی ناوی کوردستان و باسکردنی کورد لە ئێـران تورکیـا و عێـراق و سـوریا ، هەروەهـا لە باسـکردنی مـلا ئیدریسی بەتلیسـیدا،وە لە باسـکردنی لایەنـی کـۆمەڵایەتی میللەتـی کـوردا[(١٠)] ،ئەمە جگە لە بـابەتی "حکومەتی ئەتابکی لوڕی گەورە" فەضلەوی"کە بەهەمان شێوە لە پەراوێزەکەدا بەسوودوەرگرتن لە

---

(١)محمد امين زكی بك،مشاهير ...ج١،ص٣٦ .

(٢)محمد امين زكی بك،مشاهير ...ج١،ص٢٠،٢٢ و خوڵاصەیەکی ...ج٢،ل٢٠ ،٣٧، ٤٣، ٧٦.

(٣) ئەمین زەکی ،تاریخی ...،١٧،٤٢.

(٤)ئەمین زەکی ،تاریخی ...،ل٣٥.

(٥) امین زکی،خوڵاصەیەکی ...ج٢،ل٥٢ ،٦٣، و مشاهیر ...ج١،ص٢٨ ،١١٢ .

(٦) ئەمین زەکی ،تاریخی ...،ل٢٣-٣٣.

(٧) ئەمین زەکی ،خوڵاصەیەکی ...ج١ ،ل٤٥٠.

(٨) امین زکی،مشاهیر...ج١،ص٢٢.

(٩) ئەمین زەکی ،خوڵاصەیەکی ...ج٢،ل ٣٧ ،٣٨ ، ٥٣، ٥٦، ٦٤، ٦٩، ٨٣و مشاهیر...ج١ ،ل٧٨ ،٨٠ ،٨١ ،٩٣، ئەمین زەکی ،تاریخی ...،ل٧ ،١٦، ٣٣، ٣٥، ٤٩.

(١٠) ئەمین زەکی ،خوڵاصەیەکی ...ج١ ،ل١٣، ١٥ ،٢٠، ٢٣، ٣١، ١٩٩،١٢٨-٢٠٠.

ئینسکلۆپیدیای ئیسلام زانیاری زیاتر دەدات[١]. بەهەمان شێوە لە پەراوێزدا کتێبی " العصور الاربعة الأخيرة في العراق" ی لۆنگریك لە باسکردنی ئەحمەد پاشای کوڕی سلێمان پاشای بابانـدا بەکار دەهێنێت[٢].

هەروەها سوود وەرگرتن لە دائرة المعارف بۆ تێبینی دان لەسەر دیاریکردنی ساڵی مردنی عەزدولدەولەی بوەیهی[٣]، یاخود سوود وەرگرتن لەهەمان سەرچاوە بۆ باسکردن لە گرنگیدان بە بژاوتی ئاوەدانی و بیناسازی و بازرگانیکردن و کشتوکاڵکردن و خوێندەواری ، لەسەردەمی ئەبو نەجم بەدر کوڕی حەسنەوی[٤].

بەهەمان شێوە ئەو جۆرە مامەڵەکردنە لە کتێبە بەناوبانگەکەی تریشیدا" تاریخی سلێمانی" دەبینرێت، وەك لە بابەتی باسکردنی "تەریخی وڵاتی سلێمانی لە زەمانی قەدیمەوە تا دەوری ئیسلام"[٥]،وە بابەتی " ئاثار و مەواقیعی وڵاتی سلێمانی" [٦]، و هەروەها لە بابەتی" لە ئیبتدای دەوری ئیسلامەوە تا دەوری بابان"[٧].

وە هەندێك جار زانیاریەکانی دەقەکە و پەراوێزەکەش لە سەرچاوەیەکی ڕۆژهەڵاتناسیەوە دەگێڕێتەوە، وەك لە باسی حکومەتی مەڕوانیدا دەیبینین[٨].

لە کۆتاییشدا پێویستە بگوترێ کە سەرەڕای ئەو هەموو کارە گران و زانستیانەی کە محمد ئەمین زەکی لە تێڕامان و هەڵسەنگاندن و بەراودکاری و باسکردنی زانیاریە ڕۆژهەڵاتناسییەکان ئەنجامی داون ، بەڵام هەر ئەمین زەکی خۆی دان بەوەدا دەنێت و دەڵێت " قەت ئیدعای ئەوە ناکەم کە ئەم کتێبە تەریخێکی تەواو و بی قصوری کوردە، بەڵکو بە عەکسی ئەمە ئەڵێم قصوری زۆرە...لە ئاثاری غەربیە و شەرقیەدا دەرحەق بە تاریخی کورد مەعلوماتێکی ڕێك و پێك نیە، یاخود بۆ من

(١)هەمان سەرچاوە ،ل٢٠٦.

(٢)امین زكی،مشاهیر...ج١ ،٩٣.

(٣) امین زكی، هەمان سەرچاوە،ج١ ،ص٥٣.

(٤)امین زكی،مشاهیر...،ص٥٤

(٥) ئەمین زەکی ،تاریخی ....،ل٨،١٢.

(٦)هەمان سەرچاوە ،ل١٨

(٧)هەمان سەرچاوە ،ل٢٣.

(٨) ئەمین زەکی ،خولاصەیەکی ...ج٢ ،ل٥٢.

نەدۆزراوەیە، وە دوور نیە کە ئەگەر دەوام لەسەر تەدقیقات بکرێ، ئەم نوقصانە کەمێ زۆرێ لە ناوا هەڵگیرێ"[1]، بۆیە کارەکانی ئەو بێ کەموکوڕی نین هەر بۆ نمونە ئەو لە بەشێکی زانیاریەکانیدا تەنها پشتی بە یەك سەرچاوە بەستووە کە ئەمەش هەندێ جار کەم و کوڕی بۆ دروست کردوە، بۆ نموونە هەرچەندە کە خۆی ڕەخنە لە کتێبی "کوردلر" دەگرێت کە بە نا ئەکادیمی و تەرەفداری وەصفی دەکات،وەك دەڵێت: هەواڵەکانی ناو کتێبەکەی دکتۆر فرێچ لە تاریخ ناچێت، کە لەسەر ئەو لایەنداریەی ئەو ڕۆژهەڵاتناسە نموونەشی هێناوەتەوە[2]، کەچی ئەو سەرچاوەیەی لە زۆرینەی باسەکانیدا سەبارەت بە مێژووی کورد نەك بەکار هێناوە، بەڵکو وەك تەنها سەرچاوەش لە گێڕانەوەی هەندێ لە زانیاریەکاندا و بێ گەڕانەوە بۆ سەرچاوەی تر پشتی پێ بەستووە ، بەشێوەیەك کە ئەو سەرچاوەیە تووشی دەرەنجامی هەڵە و نەگونجاوی کردوە، وەك ئەوەی سەبارەت بە دیاریکردنی یەکەم فەرمانڕەوای بەتلیس کردوێتی کە بە بێ گەڕانەوە بۆ سەرچاوەیەکی گرنگی ئەو بوارەی وەك" شەرەفنامە" زانیاریەکی هەڵەی لە " فرێچ" ەوە گواستۆتەوە، هەروەها سەبارەت بە "حکومەتی شەدادی" یش بەشێوەیەکی سەرەکی پشتی بە "ئینسکلۆپیدیای ئیسلام" بەڵام ئاماژەی بۆ نەکردوە ، هەمان شێوە سەبارەت بە" ئەمارەتی شوانکارە" ش تەنها پشتی بە ئینسکلۆپیدیا بەستووە[3]. کە ئەمانەش زۆرجار وای کردوە کەتەنها لە یەك ڕوانگەوە بۆ ڕوداوەکان بڕوانێت. هەروەها بەشێکی تری ئەو هەڵانەی ئەمین زەکی تێی کەوتووە هەروەك عوسمان سەبری ئاماژەی پێکردوە "لە بەر ئەوە بووە کە ئەمین زەکی پشتی بە سەرچاوە بیانییەکان بە ستوە و ئەوانیش بە هۆکاری سیاسی لە بارەی کوردەوە هەڵەیان لە خۆ گرتووە" [4].

**ئەنجامەکان**

لەکۆتایی نووسینەوەی ئەم بابەتدا وتاوتێکردنی کاریگەرییەکانی کاری ڕۆژهەڵاتناسان بەسەر مێژوونووسین لای ئەمین زەکیەوە بە چەند ئەنجامێك گەیشتین لەوانەش ، بەوە گەیشتین کە

(١)هەمان سەرچاوە ،ج١،ل٥.

(٢)هەمان سەرچاوە ج١ ،ل٢١٥-٢١٦.

(٣) پەرێز أکرم، محمد ئەمین، لا١٧٤-١٧٥ .

(٤) سەرچاوەی پێشو،٢٥٩.

هەرچەندە خوێندنەوەی مێژوو ومێژوونووسین حەزێك بووە هەر لە منداڵییەو لە لای ئەمین زەکی دەرکەوتوە بەڵام خوێندەواری ودواتر ئەرك وفرمانەکانی قۆناغەکانی تری ژیانی ئەو وایان کردووە ، رۆژ دوای رۆژ ئەو حەزە زیاتر پەرە بسەنێت و زیاتر رێخۆشکەربن بۆ ئەوەی وەك مێژوونووس دەرکەوێت، هاوکات ئەوەمان بۆ دەرکەوت کە ئاشنا بوونی ئەمین زەکی بە ئەوروپییەکان ودواتر سەرچاوە رۆژهەڵاتناسییەکان ئەوەندەی تر کاریگەر بووە لەوەی زەمینەی بوونی بە مێژوونووس خۆشتر بێت، ئەمە جگە لەوەی کە ئاشنایەتی ئەو بەو سەرچاوانە دەبێتەخاڵی وەرچەرخان لە ژیانی مێژوونووسی ئەودا ودواجار رۆڵی گەورە دەگێڕێت لە دەرکەوتنی ئەمین زەکی وەك مێژوونووسێکی جیاواز و خاوەن تایبەتمەندی زانستیانەتر لە مێژوونووسانی پێشخۆی ، ئەمە لە کاتێکدا کە بەو ئەنجامە گەیشتین کە ئەمین زەکی بەگ لە نووسینەوەی مێژوودا وبەتایبەتی لە دوای ساڵی ١٩٢٩ ەوە زۆر کەوتۆتە ژێر کاریگەری بەرهەمە رۆژهەڵاتناسیەکان و لەم ڕوەشەوە جگە لەوەی کە بە زۆری پشتی بە زانیارییەکانی ئەو سەچاوانە بەستوە ، هاوکات زۆر کەوتۆتە ژێر باری میتۆدی کارکردنی ئەوان لە نووسینەوەی مێژوویدا ولەم رووەشەوە ئەمین زەکی جیاواز لەوانی پێش خۆی تەنها کاری لە سەر گێڕانەوەی مێژوو نەکردووە بەڵکو هەوڵیداوە میتۆدەکانی رەخنەیی و بەراوردکاری وشیکاری بەکاربێنیت ، ئەمە جگە لەوەی هەر لە ژێر کاریگەری ئەو سەرچاوانەدا لە باری دەست بردن بۆ زۆر لایەنی مێژوویی لە مێژووی کورددا وەك ئەوەی لە بارەی مێژووی کۆن و ڕەچەڵکناسی و مێژووی کۆمەڵایەتی ئەنجامی داون ئەمین زەکی دەبێت بە سەرەتای ئەو کەسانەی کە لە نێو کوردا بەو جۆرە کاری لە سەر کردبێت کە دواجار کارەکانی دەبنە بناغەی کار کردن بۆ ئەوانی دوای خۆی.

## سەرچاوەکان


یەکەم: سەرچاوە کوردیەکان:

- ئەحمەد، کەمال مەزهەر

١- مێژوو .کورتە باسێکی زانستی مێژوو و کورد ومێژوو ،چاپیی دووەم ،هەولێر ،٢٠٠٧ .

--بەحرکەیی، مەلا طاهر عبد الله

٢-مێژووی زانایانی کورد، چ: ٢، بەرگ:٣، نوسینگەی تەفسیر، هەولێر، ٢٠١٦ز.

-بەگ، محەمەد ئەمین زەکی

٣- تاریخی سلێمانی وه وڵاتی ،سەرجەمی بەرهەمی،بەرگی سێیەم ، ئامادەکردنی رەفیق ساڵح ، بنکەی ژین ، سلێمانی ، ٢٠٠٦.

٤- خولاصەیەکی تاریخی کورد وکوردستان لە زۆر قەدیمەوە تا ئیمڕۆ ، سەرجەمی بەرهەمی ، بەرگی چوار ، جلدی یەك ، جلدی دوو، ئامادەکردنی رەفیق ساڵح ، بنکەی ژین ، سلێمانی ، ٢٠٠٦.

-- د.جەلیلی جەلیل

٥- راپەڕینی کوردەکان ساڵی ١٨٨٠ ،وەرگێڕانی :د.کاوس قەفتان ،بەغداد ،١٩٨٧ .

-- دبلیۆ ئار هەی

٦- دووساڵ لە کوردستان ، وەرگێڕانی لوقمان باپیر ، هەولێر ،٢٠١٠

-ساڵح، رەفیق

٧- چی لە بارەی محەمەد ئەمین زەکی بەگەوە نووسراوە ، بنکەی ژین، سلێمانی ،٢٠١٠.

٨- سەرجەمی بەرهەمی محەمەد ئەمین زەکی بەگ ،بەرگی یەکەم، بنکەی ژین ، سلێمانی ، ٢٠٠٦.

- سجادی، علا الدین

٩- یادی کۆچی ئەمین زەکی،چاپخانەی معارف، بەغدا ،١٩٤٨.

- شەمسەدین سامی

١٠- کورد و کوردستان لە یەکەم ئەنسیکلۆبیدیای تورکی لە مێژوودا، وەرگێڕانی :ئەحمەد تاقانە، چ٢، دەزگای چاپی ئاراس، هەولێر، هەرێمی کوردستانی عێراق،١٩٩٨.

- قەفتان، صالح

١١- مێژووی گەلی کورد لە کۆنەوە تا ئەمرۆ ، چاپی دووەم ،سلێمانی ،٢٠٠٤ .

-- مینۆرسکی

١٢- کورد تێبینی و وردبوونەوە ،وەرگێڕانی حەمە سەعید حەمە کەریم ،١٩٨٤ .

- وەلی، د. عەباسی وەلی

١٣- رەچەڵەکناسی کوردەکان : سازکردنی نەتەوە وناسنامەی نەتەوەیی لە نووسینی مێژووی کورددا ،وەرگێڕانی لە ئینگلیسییەوە :د.هاشم ئەحمەزادە ،ستۆکهۆڵم ٢٠٠٤.

-- ی.ئی .ڤاسیلیەڤا

١٤- کوردستانی خوارووی رۆژهەڵات لە سەدەی حەڤدەوە تا سەرەتای سەدەی هەژدە (کورتەیەکی مێژووی میرنشینانی ئەردەلان وبابان )،هەولێر ،١٩٩٧.

دووەم: سەرچاوەعەرەبیەکان

- باسیلی نیکیتین

١٥- الکرد دراسة سوسیولوجیة وتاریخیة ، ترجمة : د.نوری طالبانی ، اربیل ، ٢٠١٢ .

- بك ، محمد أمين زكى

١٦-تاريخ السليمانية و أنحائها، ترجمة: محمد جميل بندي الروزبياني، ط:٢، وزارة الثقافة، حكومة أقليم كردستان، السليمانية، ٢٠٠٢م

- توماس بوا

١٧- تاريخ الأكراد ، ترجمة محمد تيسير ميرخان ، بيروت – دمشق ، ٢٠٠١.

- د.جمال رشيد

١٨- ظهور الكورد في التاريخ دراسة شاملة عن خلفية الامة الكوردية ومهدها،اربيل ،٢٠٠٣.

سێیەم: ماستەرنامە

-عمر، پەرێز أكرم

١٩- محمد ئەمین زەکی و ڕێبازی لە نوسینی مێژووی کوردی سەردەمی دەوڵەتی عەبباسی بە گوێرەی کتێبی "خلاصەیەکی تاریخی کورد و کوردستان،ماستەر نامەیەکی بڵاونەکراوەیە ، پێشکەش کراوە بە فاکەڵتی زانستە کۆمەڵایەتیەکان و یاسا، سکوڵی زانستە کۆمەڵایەتیەکان، زانکۆی کۆیە، ٢٠١٠ز .

- غفور ، دارا جمال

٢٠-محمد امين زكى و دورة السياسي والادارى في العراق ١٩٢٤ -١٩٤٨ ،ماجستير غير منشور ،معهد التاريخ العربي والتراث العلمى للدراسات العليا،بغداد ، ٢٠٠٤ .